# میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە گۆشەنیگای ئەمەریکاوە



پرۆفیسۆر مایکل هیرۆن *

هەڵبژاردنەکان رواڵەتێکی بەردەوامی ژیانی سیاسین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. لە سەر ئاستی فیدراڵی یان نەتەوەیی، هەر دووساڵ جارێك هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (٤٣٥ ئەندام) ئەنجام دەدرێت، هەر چوار ساڵ جارێکیش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێت. هەروەها ئەمەریکییەکان لە چەندین هەڵبژاردنی نا فیدراڵیدا دەنگ دەدەن. ئەمەریکا ٥٠ ویلایەت لە خۆدەگرێت و لە چوارچێوەی هەر ویلایەتێکدا چەندین بەرپرس هەڵدەبژێردرێن. هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دابەش بووە بەسەر چەندین موقاتەعەدا_ _ژمارەیان چەندەها هەزارە_ _و چەندین بەرپرسی ئەو موقاتەعانە هەڵدەبژێردرێن. هەمیشە هەڵبژاردنی ویلایەتەکان، بە هەمان شێوە، موقاتەعە، شار، ئەنجومەنی قوتابخانە و هەڵبژاردنی شارۆچکەکان لە کاتی هەڵبژاردنە فیدراڵیەکاندا ئەنجام نادرێن. ئەوەی روونە، ئەمەریکیەکان بە بەردەوامی لە پرۆسەی دەنگداندان وئەم حاڵەتە لە ساڵێکدا چەند جار دووبارە دەبێتەوە.

زۆرێك لە ئەکادیمیەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە میکانیزمەکانی هەڵبژاردن دەدەن، یاخود ئەوەی پێی دەوترێت لێکۆڵینەوە لە ئیدارەی هەڵبژاردنەکان. ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیگرێتەوە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی بریتیە لەو چۆنییەتی ئەنجامدان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و چۆنییەتی ژماردنی دەنگەکان و هتد. ئیدارەی هەڵبژاردنەکان پەیوەندی بەوەوە نییە ئایا چۆن و بۆچی دەنگدەران دەنگ بە چ پاڵێوراوێك یان پاڵێوراوگەلێك دەدەن کە دەیانەوێت پشتیوانی لێبکەن. بەڵکو، قوتابیەکانی بواری میکانیزمەکانی هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەکی ئەندازەیی لە هەڵبژاردنەکان دەکۆڵنەوە کە تێیدا ئیختیاری دەنگدەران لە پرۆسەی دەنگداندا خۆی بەرجەستە دەکات و لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی پاڵێوراوێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئایا دەقا و دەق ئەم پرۆسەیە چۆن کار دەکات، هەروەها چۆن دەکرێت ئەم پرۆسەیە دابڕێژرێت، هەموو ئەمانە بریتین لە بوارێکی چالاکی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

لەم وتارە کورتەدا من دوو بواری ئیدارەی هەڵبژاردنەکان تاوتوێ دەکەم. هەردوو ئەم بوارە پەیوەندیان بە وڵاتانی دیکەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی تەنها لەم دواییدا رێگاچارەی هەڵبژاردنەکانیان گرتەبەر بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە و بەرپرسەکانی دیکەیان.

تۆمارکردن. تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران جەخت لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو دەکاتەوە کە کێ رێی پێ دەدرێت دەنگ بدات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شێوە رێکخستنەی لە وڵاتە یەکگرتوەکاندا هەیە--کە سیستمێکی فیدراڵیە وتێیدا ویلایەتەکان ئۆتۆنۆمیەکی بەرچاویان هەیە—ئەوا بە شێوەیەکی سەرەکی پرۆسەی تۆمارکردن پەیوەستە بە ویلایەتەکانەوە. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە هەر ویلایەتێك خۆی بڕیار دەدات چۆن ناوی دەنگدەران تۆمار بکات، هەروەها دەکرێت هەر ویلایەتێك یاسای تایبەتی بە خۆی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە دەستنیشان بکات کە شایستەی دەنگدانە. بەڵام ئەگەرچی ویلایەتەکان مرونەتێکیان هەیە لە دارشتنی یاساکانی پەیوەست بە دەنگدانەوە، بەڵام دەبێت ئەو یاسایانە لەگەڵ دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بگونجێن. بۆ نموونە، ویلایەتێك ناتوانێت بڕیاری ئەوە بدات کە دەبێت ئەو کەسەی دەنگ دەدات تەمەنی ٢٥ ساڵ بێت. لەبەر ئەوەی لە دەستوری ئەمەریکادا هاتووە کە نابێت هیچ کەسێك ١٨ ساڵی تەواو کردبێت یان تەمەنی زیاتر بێت مافی دەنگدانی لێ زەوت بکرێت.

یەکێك لەو لایەنانەی کە ویلایەتەکان تێیدا جیاوازن ئەوەیە ئایا رێگە بەوە دەدەن کە پێی دەوترێت « هەمان رۆژی تۆمارکردنی دەنگدەر.» ئەگەر ویلایەتێك رێگەی پێ بدات، ئەوا ئەو کاتە هەر هاووڵاتیەکی ئەمەریکا کە لەو ویلایەتەدا دەبێت و مەرجەکانی ( مەرجەکانی دەنگدان) تایبەت بەو ویلایەتەی تێدابێت، لەگەڵ مەرجە فیدراڵیەکان ئەوا دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بکات بۆ ئەوەی لە رۆژی هەڵبژاردندا دەنگ بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێك لە ویلایەتەکان رێگە بەمە نادەن. نیشتەجێبوەکانی ئەم ویلایەتانە دەبێت پێشتر، ٣٠ رۆژ پێش هەڵبژاردنەکان، نیازی خۆیان ئاشکرا بکەن بۆ دەنگدان.

ئایا رەواترین رێگە چیە بۆ بەڕێوبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران؟ ئایا دەبێت هەمو ویلایەتەکان رێگە بە رێگاچارەی « هەمان رۆژی تۆمارکردنی دەنگدەر» بدەن؟ ئەگەر ئەم رێگاچارەیە بگیرێتەبەر ئەوا دەنگدان ئاسانتر دەبێت، بە تایبەتی بۆ هاووڵاتیانەی پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکە هاتونەتە ویلایەتەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرکی ئیدارەکردنی هەڵبژاردنەکان بۆ ویلایەتەکە ئاڵۆزتر دەکات: کاتێك ویلایەتەکە داوای ماوەی ٣٠ رۆژ دەکات بۆ تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران، ئەوا مانگێك پێش هەڵبژاردنەکە دەتوانرێت گەورەترین رێژەی دەنگدەران دەستنیشان بکرێت کە بۆی هەیە روبکەنە بنکەکانی دەنگدان. ئەمەش پلاندانان بۆ هەڵبژاردنەکان ئاسانتر دەکات.

ئایا کێ شایستەی ئەوەیە دەنگ بدات؟ هەموکەسێك ١٨ ساڵی تەواو کردبێت؟ ئایا بەندکراوەکان دەتوانن دەنگ بدەن؟ ئەی ئەو کەسانەی پێشتر لە زینداندا بوونە و ئێستا ئازادن؟ ئەی ئەو کەسانەی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا گەشت دەکەن؟ هەموو ئەمانە پەیوەستن بە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاوە و بە چڕی لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە. حاڵی حازر بایەخێکی تایبەتی بە پرسی ئەو کەسانە دەدرێت کە پێشتر لە زینداندا بوونە و بایەخ بەوە دەدرێت ئایا دەبێت رێگەیان پێ بدرێت دەنگ بدەن. هەندێ لە ویلایەتەکان مافی دەنگدان بەو کەسانە نادەن کە پێشتر تاوانیان کردووە، بەڵام لە وڵاتەکەدا سیاسەتی یەکگرتوو نییە لەم بارەیەوە.

یەکێك لە کێشەکانی تێکڕای سیستمەکانی تۆمارکردن بریتیە لەوەی کە هەندێ جار هەڵە دەکەن. ئایا ئەو دەستەیەی سەرپەرشتی دەنگدانەکە دەکات چ هەڵوێستێکی دەبێت ئەگەر دەنگدەرێك هاتە بنکەی دەنگدان و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ناوی تۆمارکراوە، بەڵام دەرکەوت کە ناوی تۆمار نەکراوە؟ ئەوەی بە زۆری لەم حاڵەتەدا دەکرێت ئەوەیە کە ئەم کەسە دەنگ دەدات بەڵام «دەنگدانێکی ماجدار»، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەم دەنگە حسێب ناکرێت تاوەکو باری یاسای ئەم کەسە یەکلادەکرێتەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەوە بدرێت ئایا لە رووی یاساییەوە دەنگدانەکەی دروستە یان نا، کە عادەتەن چەند رۆژێك دوای کۆتای هاتنی هەڵبژاردنەکە ئەم کارە دەکرێت. هەرچەندە ئەمە سیستمێکی بێ کەموکورتی نییە، بەڵام یارمەتیدەر دەبێت لە زامنکردنی ئەوەی ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی راست و دروست ناویان تۆمار کراوە دەرفەتی دەنگدانیان دەبێت ئەگەرچی کێشەیەکی کاتی پەیوەست بە تۆمارکردنیشەوە سەرهەڵبدات.

یەکێك لەو مەسەلانەی ئاڵۆزیان لێدەکەوێتەوە بریتییە لە نەبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەی. کە ئەم شێوە ناسنامەیە لە ئەمەریکادا بوونی نییە (هەرچەند چەند کەسێك پێیان وایە دروست کردنی ئەم ناسنامەیە بیرۆکەیەکی باشە)، ئەمەش بەو مانایە دێت کە جیاکردنەوەی ئەو کەسەی شایستەی دەنگدانە لەو کەسەی کە شایستە نییە ئەرکێکی ئاسانە. ئایا چۆن بەرپرسی هەڵبژاردنی ویلایەتێك دەتوانێت لە راست و دروستی بانگەشەی کەسێك دڵنیابێت؟ ئەم پرسیارانە تەوەری سەرەکی پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران و تەوەری لێکۆڵینەوەن لەسەر ئەم بابەتە.

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پرۆسەی دەنگداندا. کاتێك کەسێك دەگاتە بنکەی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دەنگدان بۆ ئەوەی دەنگ بدات، ئایا چۆن دەنگدانەکەی تۆمار دەکرێت؟ لە هەندێ شـــوێنی ئەمەریکادا دەنگدەران لە ڕێی پڕکردنەوی کاغەزێکەوە ئەم کارە دەکەن، کە دواتر بە هۆی بەکارهێنانی کۆمپوتەرەوە دەژمێردرێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێ شوێنی دیکە دەنگدەران تەنها بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی دەنـــگ دەدەن و کاغەزی (وەرەقەی) دەنگدان بەکار ناهێنن. ئایا باشـــترین ڕێگەی تۆمارکردنی ئیختیاری دەنگدەران چییە و ئایا ڕەواترین سیســـتمی ئەوەی پێی دەڵێن دەنگدان بە هۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاوە چییە؟

حاڵی حازر مشـــت و مڕێك هەیە لە ئەمەریـــکا لە بارەی ئەوەی ئایا دەبێت هەمیشـــە جۆرێك لە وەرەقەی دەنگدان بەکاربهێنرێت لە پرۆسەی دەنگداندا. لایەنی باشـــی وەرەقەی دەنگدان ئەوەیە کە لەبەردەستدان و دەتوانرێت چەند جارێکی بژمێردرێنەوە ئەگەر پێویست بکات.

هەرچۆنێـــك بێـــت، وەرەقەکانی دەنگـــدان قەبەن و هەندێ جار دەســـتەی سەرپەرشـــتیاری دەنگدان ئەم وەرقانەیـــان لێدەبڕێت. چەندین زمانە هەیە کە لە ئەمەریکا قسەیان پێدەکرێت، هەروەها ئەو دەستانەی سەرپەرشتی دەنگدان دەکـــەن لە ئەمەریکا ئەم وەرقانە بـــە چەندین زمان چاپ دەکەن. بەڵام چی دەکرێت ئەگەر تەنها ١٠ وەرەقە بە زمانی روســـی چاپ کرابوون، بەڵام ٢٠ کەس ئامادەبوون لە بنکەی دەنگدانەکە کە بە رووسی قسەیان دەکرد؟

بەدیلی بەکارهێنانی وەرەقەی دەنگدان کە بە هۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە دەژمێردرێن بریتیە لە دەنگدانی ئەلەکترۆنی.

لە کاتی بەکارهێنانـــی میکانیزمەکانی دەنگدانـــی ئەلەکترۆنیدا وەرەقەی دەنگدان کەم ناکات، دەکرێت بەو شێوەیە پرۆگرامیان بۆ دابنرێت کە بە چەند زمانێك کاربکەن، دەکرێت بەو شـــێوەیە بەرنامەڕێژبکرێن کە ئاســـانکاری بۆ ئەو کەسانە بکەن کە لە رووی بینابییەوە گرفتیان هەیە، هەروەها دەکرێت بەو شـــێوەیە بەرنامەڕێژبکرێن کە ڕێگە لەوە بگرن کە دەنگدەر دەنگ بۆ زیاتر لە پاڵێوراوێکی ســـەرۆکایەتی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، **دەنگدانی ئەلەکترۆنی بە هەمان شـــێوەی ئەو دەنگدانە شەفاف نییە کە بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەی دەنگدانـــەوە ئەنجام دەدرێت.** ئەمە لەبەر ئـــەوەی لە دەنگدانی ئەلەکترۆنیدا، هیچ وەرەقەیەك نییـــە کە ئیختیاری دەنگدەرانی لەســـەر تۆمارکرابێت. لە دەرئەنجامدا ئەگەر دەستەی سەرپەرشتیاری دەنگدانەکە پێویستیان بە دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان بوو ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بۆ پاڵێوراوەکان نزیك بوو لە یەکەوە، ئەوا هیچ ڕێگایەك نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ( دووبارەی ژماردنەوەی دەنگەکان). لەوە زیاتر، هەندێك کەس نیگەرانن لەوەی دەنگدانی ئەلەکترۆنی بـــۆی هەیە بە هۆی هەڵەکردن لە بەرنامەســـازی کۆمپیوتەر و دەســـتکاریکردنی بە ئەنقەســـتەوە وا دەکات دەرئەنجامـــی هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامێکی ناشەرعی بن.

**ئایا ڕێگەی راســـت و دروست چییە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پرۆسەی دەنگداندا؟ حاڵی حازر ئەمە جێی مشـــت و مـــڕە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکادا، هەروەها هۆکاری زۆرێك لەم مشـــت و مـــڕە بۆ دەرئەنجامە زۆر نزیکەکانی هەڵبژاردنی ســـەرۆکایەتی ســـاڵی ٢٠٠٠ دەگەڕێتەوە.** لەم هەڵبژاردنـــەدا، ٥٣٧ دەنگ پاڵێوراوی ســـەرکەوتوی ( جـــۆرج بۆش) لە پاڵێـــوراوی دۆڕاو ( ئالبێرت گۆر) جیاکردەوە لە ویلایەتی فلۆریدا. بە پێی یاساکانی هەڵبژاردنی ئەمەریکا، ئەم جیاوازیە زۆر کەمە بەس بوو بۆ ئەوەی ســـەرۆکایەتی بدرێت بە جۆرج بۆش و ئالگۆر ســـەرکەوتوو نەبێت. لەگەڵ ئەوەشـــدا، لە ویلایەتی فلۆریدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا هەزارەها دەنگدەر هەبوون کە بۆ زیاتر لە پاڵێوراوێکی ســـەرۆکایەتی دەنگیاندا، ئەمەش پێی دەوترێت دەنگدانی زیاد لە پێویست.

دەنگـــدان بـــۆ زیاتر لـــە پاڵێوراوێکی ســـەرۆکایەتی دەبێتە هـــۆی ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەڵبژاردنێکی ناڕەوا و نایاسایی بێت. بەو پێیە، ئەو دەنگدەرانەی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا زیاتر لە دەنگێکیان دا، ئەوا بوونە هۆی ئەوەی دەنگەکانیان پشـــتگوێ بخرێت. بەڵام ئایا ئەم دەنگدەرانە مەبەســـتیان بوو کە دەنگەکانیان پشـــت گوێ بخرێت؟ ئەگەری زۆر ئەوەیە کە نەخێر ئەو مەبەســـتەیان نەبوو لێکۆڵینـــەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە زۆرێك لەو کەســـانەی لە کاتی هەڵبژاردنی ســـەرۆکایەتیدا زیاتر لە دەنگێکیاندا، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە دووچاری شڵەژان هاتبوون.

ئەوەی جێی ســـەرنجە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا زیاتر لە دەنگێکیاندا زۆر زۆر زیاتر بوون لە ٥٣٧ دەنگەکە.

**دەنگدانـــی ئەلەکترۆنی ڕێگە لەوە دەگرێت دەنگ بـــۆ زیاتر لە پاڵێوراوێك بدرێت، بەڵام دەنگدان بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەوە ڕێی لێ ناگرێت.**

ئەمەش پاســـاوی ئەوەیە کە پەنا بـــۆ دەنگدانی ئەلەکترۆنی ببردرێت. لەبەر ئەوەی هەر کاتێـــك میکانیزمەکانی ئەم دەنگدانە بەکارهێنرا ئەوا دەنگدەران ناتوانن دوبارە دەنگ بدەنەوە.

ئـــەم دەنگدانە زیادەیە جۆرێکە لە هەڵـــەی دەنگدەر ( تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بە مەبەست هەڵدەستن بە خەســـارکردنی دەنگەکانیان). هەروەها جۆری هەڵەی دیکە هەیە کە دووچـــاری دەنگدەر دەبێت، بۆ نموونە ئامادەنەبوونی دەنگدەر لە کاتی دەنگداندا. ئایا دەبێت سیســـتمەکانی دەنگدان هەڵبستن بە ئاگادارکردنـــەوەی دەنگدەران کاتێك دەنگ نـــادەن؟ دەبێت ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی دەنگدانەکەیان لە دەســـت نەچێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا، بۆ نموونە هەڵبژاردنە تەشریعیە مەحەلیەکان کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دێن. لە لایەکی دیکەوە، رەنگە پێویســـت بەوە نەکات ئاگادار بکرێنەوە، ئەو دەنگدەرەی کە نایەوێت بەشـــداری بکات، دەبێت ڕێگەی پێ بدرێت ئەم کارە بکات بێ ئەوەی هان بدرێت بۆ ئەوەی دەنگ بدات.

یەکێك لە مەسەلەکانی دەنگدانی ئەلەکترۆنی کە ئێستا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت ئەوەیە کە باشترین ڕێگەیە بۆ خستنەڕوی زانیاریەکان بۆ دەنگدەران. ئەمە مەسەلەیەکی ئالۆزترە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا هەڵبژاردن گەلێکی دوورودرێژن. بە پێی ویلایەتەکان، هەڵبژاردنەکانی تشـــرینی دووەم ٣٠_٤٠ پێشبرکێی فەردی لە خۆدەگرن. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە هەندێ لە دەنگدەران، دوای چەند دەنگدانێك بەردەوام نابن لە دەنگدان، بەڵام ئەوانی دیکە لە هەموویاندا بەشـــدار دەبن. ئایا دەبێت ریزبەندی (تەرتیبی) پاڵێوراوەکان لەســـەر وەرەقەکانی دەنگدان هاوشێوە بێت؟ ئەوەی روونە وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە بوونی ناوی پاڵێوارۆێك لە ســـەرووی لیستەکەدا دەبێت هۆی بەدەســـت هێنانی دەنگێکە زۆرتر. بە گوزارشـــتێکی دیکە، باشترە لە ناوت لە ســـەرووی لیستەکەدا بێت، یەکەم کەسی لیســـتەکە بیت. بەو پێیە لە هەندێ شـــوێنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەسەڵاتە یاســـاییەکان فەرمان بە گۆڕینی ڕێزبەندی پاڵێوراوەکان دەدەن.

لـــەم وتـــارەدا، هەوڵمداوە خوێنـــەران لە هەنـــدێ مەســـەلەکانی ئیدارەی هەڵبژاردنـــەکان بەرچاوڕوان بکەمەوە کە حاڵی حازر لە ئەمەریکا مشـــت و مڕی لە بارەوە دەکرێت. هەموو ئەم مەســـەلانە جێـــی بایەخی دەنگدەران و پاڵێوراوەکانن، ئەوانەی خویازیاری ئەوەن هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردنی رەوا بن، هەروەها جێی بایەخی ئەو کەســـانەن کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەوانەی خوازیـــارن دەرئەنجامەکان جیی متمانەبـــن و وەك دەرئەنجامێکی شەرعی لێیان بڕوانرێت.

ئەگەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەی دوو ســـەد ســـاڵە بە شـــێوەیەکی دەوری هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدا، بەڵام هێشـــتا لە پرۆســـەی فێربووندایە دەربارەی رەواترین شـــێوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی دەرئەنجامـــی هەڵبژاردنەکان جێ متمانەبن و وەك دەرئەنجامێکی شـــەرعی ســـەیریان بکرێـــت. دەبێت ئەمە ئامانجـــی تێکڕای دیموکراســـیەکان بێت، دیموکراسی نوێ بن یان دیموکراسیەکی دیرێن.


*** ئوستادی حکومەت لەزانکۆی دۆرتمۆس**

**دەنگدانی ئەلەکترۆنی بە هەمان شێوەی ئەو دەنگدانە شەفاف نییە کە بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەی دەنگدانەوە ئەنجام دەدرێت**

**ئایا ڕێگەی راست و دروست چییە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پرۆسەی دەنگداندا؟ حاڵی حازر ئەمە جێی مشت و مڕە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەروەها هۆکاری زۆرێک لەم مشت و مڕە بۆ دەرئەنجامە زۆر نزیکەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٠ دەگەڕێتەوە**

**دەنگدانی ئەلەکترۆنی ڕێگە لەوە دەگرێت دەنگ بۆ زیاتر لە پاڵێوراوێک بدرێت، بەڵام دەنگدان بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەوە ڕێی لێ ناگرێت**

**ئەمەریکا بۆ ماوەی دوو سەد ساڵە بە شێوەیەکی دەوری هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدا، بەڵام هێشتا لە پرۆسەی فێربووندایە دەربارەی رەواترین شێوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێ متمانەبن و وەک دەرئەنجامێکی شەرعی سەیریان بکرێت**



# شۆڕشی ئەیلوول
# سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوەیی و
# پێگەیشتنی سیاسی بوو

شۆڕشی ئەیلوول کە یەك دوو ڕۆژی دیکە یادی ٤٧ ەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی دەکەینەوە ئەو شۆڕشە مەزنەیە کە بێجگە لەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکی هەڵگرتووە لە هەمانکاتدا بە یەکەم وێستگەی دەسپێکی دیموکراسی لە عێراق و یەکەم هەنگاوی دژ بە تیرۆر و دامەزراوەیی تیرۆری دەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێت، ئەو شۆڕشەیە کە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو مێژوویەکی پڕ لە ئەزموونی بۆ بەجێهێشتووین کە هەمووکات ئەم مێژووە وەك چەك بۆ کاری هەمەجۆرەی ئێستا و داهاتوومان پەنای بۆ دەبەین و بەکاری دەهێنن، ئەمەش بەو مانایە دێت شۆڕشی ئەیلوول ئەو قۆناخە گرنگەی مێژووی گەلەکەمانە کە وەرچەرخانی بەسەر زۆر لایەنی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گەلی کوردستان هێناوە، بەڵام وەرچەرخانێك بە ئاراستەی بەرەو پێشەوە چوون و ڕۆچوون بە قوڵایی کوردستان و بازدانە بەسەر بۆچوونی ناوچەگەریی و بەیەکەوەبەستنەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان پێکەوە.

شۆڕشی ئەیلوول بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا خەباتی سیاسیی لە رووکاری ناوچەگەرییەوە گۆڕی بۆ ناوەڕۆکی کوردستانی و بەپێی هەلومەرجی سیاسیی و بە خوێندنەوەی راستی هاوکێشە سیاسیە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و لە نێو تەوژمە دژەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوکات رێگەیەکی راستی پڕ هەورازو نشێوی بڕی هەتا توانی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بەشێوەیەکی دانان بە مافی گەلی کوردستان لە عێراقدا بەدەست بهێنێت و ئومێد بۆ بزاڤی رزگاریخوازی لەسەرتاسەری کوردستان پەیدابکاتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە لەو راستییە تێبگەن کە کێشەی کورد بەزەبری هێزی سەربازی چارەسەر ناکرێت و دەبێت سەرەنجام هەر بەرێگەی دیالۆگی سیاسی و دانانان بە مافە رەواکانی گەلی کوردستان ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت.

## شۆڕشی ئەیلوول
## لە سفرەوە دەستی پێنەکرد

شۆڕشی ئەیلوول درێژە پێدەری سەرجەم بزووتنەوە و شۆڕشەکانی کوردستان بووە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ شۆڕشەکانی دیکەی کوردستان ئەوەبووە کە ئەم شۆڕشە توانی سوود لە قوڵایی جوگرافیای کوردستان وەربگرێت و توانی توانای گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە جیاوازە ئەتنی و ئاینییەکانەوە کۆبکاتەوە و بە ئاراستەیەکی دروست بۆ شۆڕش بیانخاتە گەڕ.

شۆڕشی ئەیلوول بەدەست بارگرانی و زەحمەتی جوگرافی سیاسی و هەڵکەوتەی پارچە پارچەبوونی کوردستانەوە دووچاری گەلێك سەختی بووەوە، لەگەڵ ئەوەی دروشمەکانی شۆڕشی ئەیلوول واقیعی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە کوردستانی عێراق بە تێکڕای ئەو وڵاتانە دەوردرابوو کە بەشێکی کوردستانی پێوە لکێنرابوو هەربۆیە ئەم شۆڕشە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستانەوە وەك مەترسییەك بۆ پەڕینەوەی شۆڕش بۆ پارچەکانی دیکەی تر سەیر دەکرا، هەربۆیە ئەو دەوڵەتانەش کەوتنە جوڵە و خۆنوینی دژ بە شۆڕشی کوردستان، ئەمە وەك ئامادەباشیەك بۆ بەرپەرچدانەوەی فراوانبوونی شۆڕش و رووبەڕووبوونەوەی ئەگەری هەر بزوتنەوەیەکی هاوشێوەی شۆڕشی ئەیلوول لە هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا، لەم حاڵەتەدا خەباتی شۆڕشی ئەیلوول رووبەڕووی واقیعێك ببووەوە کە دژ بە تەیار و تەوژمی ئەوکاتی نێودەوڵەتی مەلە بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو لەو کاتەدا هەر دوو دەوڵەتی گەورەو گرنگی ناوچەکە کە تورکیا و ئێرانی شاهنشاهی بوو هەردووکیان دۆست و هاوپەیمانی رۆژئاوا بوون و سوریاو عێراقیش لە بازنەی هاوپەیمانی بلۆکی رۆژهەڵاتی پۆلێن دەکران، هیچ کام لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتیش، یان بە واتایەکی دیکە هیچ کام لە بلۆکی شۆسیالیستی و رۆژئاوا ئامادەنەبوون بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندی گەلێك کە بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا دابەشکراون کە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان بوون، لەم حاڵەتەدا شۆڕشی ئەیلوول نە بلۆکی رۆژهەڵات دۆستی بوو نە دەوڵەتانی رۆژئاوا، هەربۆیە ئەو گوتەیە زۆر راست بوو کە دەیانگوت:(کورد بێجگە لە چیاکان هیچ کەسێك دۆستی نییە).

بەڵام دووربینی و هۆشیاری سەرکردایەتی شۆڕش بەگشتی و شەخسی مستەفا بارزانی لەوەدا رەنگیدابۆوە کە لە ناو ئەم پێگە جوگرافیە بێ پشت و پەنایەشدا ورەی دانەبەزی و، وێڕای گوشارە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتییەکان توانی شۆڕش بە ئاراستەیەك بەردەوامی پێبدات کە سەرەنجام ئەم شۆڕشەو سەرۆکەکەی ببێتە ناسنامەی ناساندنی کوردستان لە جیهاندا و هەرئەمەش ئەو هۆکارە گرنگەیە کاتێك باسی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازیەکەی دەکرێت دەبێت ئاوڕێکی جدی لە شۆڕشی ئەیلوول و رێبەرەکەی مستەفا بارزانی نەمر بدرێتەوە و دەبێت قۆناخەکانی ئەو شۆڕشە و سەرکردایەتی بارزانی رێنیشاندەر بن بۆ خوێندنەوەی ئێستاو داهاتوشمان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە :

١- شۆڕشی ئەیلوول ئەو قوتابخانە شۆڕشگێرییە بوو کە بووە مەیدانی مەشقی سیاسی بۆ سەرکردە سیاسییەکان و مەیدانی مەشقی سەربازی و خۆ گونجاندن لەگەڵ تۆبۆگرافیا و چۆنیەتی رووبەروبونەوە لە رۆژە سەخت و دژوارەکاندا.

٢- شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەی سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوەیی بوو، وێستگەی ئامادەباشی سیاسی و پێگەیشتنی شارەزایی سەرکردەکان بوو لە دوو بواری گرنگدا:

أ- لە مەیدانی سیاسیی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بە شێوازی دیالۆگ و دانوستاندن و رووبەڕووبونەوەی سیاسیی و پێداگرتن لەسەر شەرعییەتی سیاسی کێشەکەو چۆکدانەدانیان لەبەرامبەر دوژمن لەسەر مێزەکانی وتوێژو دانوستاندا، ئەمەش لە میانەی ئامادەباشی شۆڕش بۆ دیالۆگ و وتوێژ لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و سوربوون لە چەسپاندنی ئەو مافانە بە شێوازی سیاسیی و دیالۆگ و وتوێژی سەردەمیانە.

●●●

**شۆڕشی ئەیلوول بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا خەباتی سیاسیی لە رووکاری ناوچەگەرییەوە گۆڕی بۆ ناوەڕۆکی کوردستانی و بەپێی هەلومەرجی سیاسیی و بە خوێندنەوەی راستی هاوکێشە سیاسیە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و لە نێو تەوژمە دژەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەوکات رێگەیەکی راستی پڕ هەورازو نشێوی بڕی هەتا توانی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بەشێوەیەکی دانان بە مافی گەلی کوردستان لە عێراقدا بەدەست بهێنێت**

●●●



ب- لەمەیدانی سەربازی و رووبەڕووبونەوەی چەکداریشدا، دیسان شۆڕشی ئەیلوول مەیدانێکی دیکەی مەشق و راهێنان بوو بۆ ناساندنی خەباتی چەکداری شۆڕشی کوردستان کە خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسییە و ئەم خەباتە چەکدارییەشی لە پێناوی جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسییەکەیەتی، ئەمەش ببوە هۆکاری ئەوەی کە شارەزایی هەردوو بواری سیاسیی و سەربازی پێکەوە گرێبداتەوە و خەباتی چەکداری و سیاسیی بکاتە یەك میکانیزم لە پێناوی یەك ئامانجدا، لەم روانگەیەوە هەموو کات سەرکەوتنە سەربازییەکان رەهەندی سیاسیی هەبووە و کاتێك بەرامبەر ئامادەباشی تێدا نەبووە کە بەرێگەی دیالۆگ گوێ بۆ خواست و داواکانی میللەتەکەمان بگرێت هەموو کات هەوڵیداوە بە گورزی سەربازی سەرکوتمان بکاتەوە، بەڵام کاتێك لە بواری پەرپەرچدانەوەی سەربازیشدا شۆڕشی ئەیلوول چۆکی بەرامبەر دوژمن دانەداوە و پیلانە سەربازییەکانی پوچەڵ کردۆتەوە هەربۆیە جارێکی دیکە سەرکەوتنە سەربازییەکانی شۆڕش بۆتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە دەرگای وتوێژ بکرێتەوە و، حکومەتەکانی عێراقی ناچارکردووە ئەگەر هەموو مافەکانیشیان نەسەلماندبین، ئەوا بەفەرمی دان بە ناسنامەی گەلی کوردستاندابنێن.

**ژوان**

**خەباتی شۆڕشی ئەیلوول رووبەڕووی واقیعێک ببووەوە کە دژ بە تەیار و تەوژمی ئەوکاتی نێودەوڵەتی مەلە بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو لەو کاتەدا هەر دوو دەوڵەتی گەورەو گرنگی ناوچەکە کە تورکیا و ئێرانی شاهنشاهی بوو هەردووکیان دۆست و هاوپەیمانی رۆژئاوا بوون و سوریاو عێراقیش لە بازنەی هاوپەیمانی بلۆکی رۆژهەڵاتی پۆلێن دەکران، هیچ کام لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتیش، ئامادەنەبوون بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندی گەلێک کە بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا دابەشکراون کە دۆست و هاوپەیمانی خۆیان بوون**

## شۆڕشی ئەیلوول رەشماڵی فرەپارتایەتی و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان

شۆڕشی ئەیلوول کە پارتی دیموکراتی کوردستان و رێبەرە نەتەوەیەکەی بارزانی مستەفا سەرۆکایەتی دەکرد، پێشمەرگەکانی تەنها ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکو شۆڕشی ئەیلوول رەشماڵی سەرجەم پارتە سیاسییەکانی کوردستان و سەرجەم ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بووە، تەنانەت زۆر پۆستی گرنگ لە شۆڕشدا درابووە نەتەوە و ئاینە جیاوازەکانی کوردستان، لەوانە:

١- لە سەرۆکی دادگای باڵای شۆڕش لە شۆڕشی ئەیلوولدا کە یەکەمین دادگای شۆڕش بووە، خوالێخۆشبوو مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا بووە کە یەکێك بووە لە کریستانەکانی کوردستان.

٢- لە ماوەی رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠- ١٩٧٤ جێگری وەزیری کاروباری باکوور دراوە بە تورکمانەکان.

٣- حزبی شیوعی کە بەشێك بووە لە شۆڕشی ئەیلوول و پێشمەرگەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان هەمووکات حزبی شیوعی عێراقی وەك هاوپەیمانی شۆڕش سەیرکردووە و لە رێککەوتنی ١٩٧٠یەکێك لە داوا سەرەکییەکانی بارزانی نەمر و شۆڕش ئەوەبوو کە دەبێت حزبی شیوعی عێراق بەشێك بن لە وتوێژی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق، بارزانی نەمر ئەم داوایەی کردبووە مەرجی پێشوەختە بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵام وەك بەرێز کەریم ئەحمەد سکرتێری ئێستای حزبی شیوعی کوردستان چەندین جار ئاماژەی بەم هەڵوێستەی بارزانی نەمر کردووە، بەوەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق خۆیان داوایان لە بارزانی نەمر کردووە دەست لەو داوایە هەڵبگرێت و دەست بکات بە وتوێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا.

٤- لەساڵی ١٩٧٠ و لە کاتی وتووێژەکاندا بۆ ئیمزا کردنی رێکەوتنی ئادار بەردەوام شاندی شۆڕشی کوردستان داکۆکی لە مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کردووە، بەتایبەتیش مافی برا تورکمانەکانمان بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا تورکمان وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە عێراق و کوردستاندا دان بە مافەکانیان نراو، هەربۆیە گرنگە برا تورکمانەکانمان کە بەشێك بوون لە شۆڕشی ئەیلوول هەموو کات ئەو راستییەیان لەبەر چاوبێت، هەر کاتێك شۆڕشی کوردستان بە هێز و سەرکەوتوو بووبێت، ئەوا مافی ئەوانیش وەك مافی کورد پارێزراو بووە، هەر کاتێکیش شۆڕشی کوردستان لاواز ببووبێت ئەوا ئەوانیش وەك کورد و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان دووچاری سەرکوتکردن و راگوێزان و بەعەرەبەکردن بوونەتەوە، هەربۆیە ئەو دەسکەوت و سەرکەوتنانەش کە ئەمرۆ گەلی کوردستان بەدەستی هێناون بەشێکن لەو خەبات



و قوربانیدانـــەی شۆڕشـــی ئەیلوول و شۆڕشـــەکانی دیکەی کوردســـتان و هەموو شۆڕشەکانیش لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولدا لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە ئەویش پارێزگاریکردن و بەدەســت هێنانی تەواوی مافەکانی گەلی کوردســـتانە بەهەموو نەتەوە جیاوازەکان و ئایینە جیاوازەکانیشەوە.

٥- لەناو شۆڕشـــی ئەیلوولدا چەندیـــن بیرو بۆچونی دیکە هەبـــوون کە لەگەڵ دروشـــمە قۆناخیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکیان نەگرتۆتەوە و، پێیان وابووە کە پێویستە گەلی کورد راســـتەوخۆ دروشمی سەربەخۆیی هەڵبگرێت و شۆڕشی ئەیلوولیشـــیان وەك شۆڕشـــێك بۆ ئەو ئامانجە ســـەیرکردووە، ئەمانەش ئەو گرووپە نەتەوەییانە بوون وەك کۆمەڵەی ژیانەوەی کـــورد (کاژیـــك) ئەمانیش وێڕای ئـــەوەی گروپێکی جیاواز بوون لە پارتی دیموکراتی کوردســـتان بەڵام بەشـــێك بوون لە شۆڕشـــی ئەیلوول و ئەندامانی ئەم گروپەش بەشـــێك بوون لە پێشـــمەرگەکانی شۆڕشـــی ئەیلوول و وێڕای ئەوەی لە رووی ئایدۆلۆژییـــەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردســـتان و حزبی شیوعی عێراقەوەوە جیاوازبوون، بەڵام هاوشان هەموو پێکەوە و لەیەك سەنگەردا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوون، جێگەی ئامـــاژە پێکردنـــە ئەم گروپە لە دوای ســـاڵی ١٩٧٥ بوون بە پارتی سۆسیالیســـتی کوردستان( پاســـۆك ) و لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کورســـتان لە ســـاڵی ١٩٩٣ لەگەڵ پارتی گەل و حزبی سۆسیالیســـتی کوردستان بە ناوی حزبی یەکگرتننەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردســـتان یەکیان گرت و ئێستا ئەندامانیان لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەیان کە سەربەخۆیی کوردستانە خەبات دەکەن.

ئـــەم یەکڕیزی و تەباییەی شۆڕشـــی ئەیلوول لە ناو گەلی کوردستان بەســـەرجەم پێکهاتە و بیروبۆچوونە جیاوازەکانییەوە دروستی کردبوو، بەرهەمی ئەزموون و قاڵبووی شۆڕشگێری و دووربینی رێبەرە نەتەوەییەکەی مستەفا بارزانی نەمر بوو، کە بەشـــێوەیەك نەخشەی بۆ یەکریزی گەلی کوردستان دارشتبوو، کە دەکرێت لە دوو ئامانجی گرنگدا کۆیان بکەینەوە:

یەکەم : پێویســـتە هەموو بیروبۆچونە جیـــاوازەکان وێڕای جیاوازی ئایدۆلۆژی نێوانیان و شێوازی خەباتکردنیان، پێویستە لەسەر دوایین ئامانج کە رزگاری و سەرفرازی و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردســـتانە یەکبگرنەوە، هەروەها پێویســـتە ناوچـــە ئازادکراوەکانی شـــۆڕش پەناگەی ئارامی ســـەرجەم ئەو شۆڕشـــگێرو خەباتگێرە عێراقیانەش بێـــت کە لە پێناوی دیموکراســـی بۆ عێراق خەبات دەکەن، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە مافەکانی گەلی کوردســـتان بەدەست ناهێنرێن و ناپارێزرێن ئەگەر لەعێراقدا سیســـتەمێکی دیموکراتی دانەمەزرێت و ئەم دوو ئامانجەشـــی لەیەك دروشمدا کۆکردبۆوە ئەویش بریتی بوو لە (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) ئەمەش بەو مانایە دێت کە شۆڕشی ئەیلوول راستە ئامانجی سەرەکی بەدەستهێنانی ئۆتۆنومی بوو بۆ کوردستان، بەڵام سەرکردایەتی شـــۆڕش ئەوەی لەبەرچاو بوو کە ئەم دەسکەوتە بەدەست نایەت و ناپارێزرێت ئەگـــەر لە بەغدا دیکتاتۆرێك حکومڕانی عێراق بـــکات یان رژێمێك لەســـەر حکوم بێـــت دیکتاتۆریانە رەفتار بکات.

مێژوو پێمـــان دەڵێت ئەو داواکارییانەی شۆڕشـــی ئەیلوول کە لەســـاڵی ١٩٧٠ بۆ رێککەوتنی ئـــادار لەگەڵ حکومەتی عێراق وتووێژی لەســـەرکردووە و پاشـــان حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئـــەو مـــاف و داواکارییانە نەســـەلمێنێت و پەنای بۆ پیلانێکی نێو دەوڵەتی برد و وازی لە بەشـــێکی خاکی عێراق هێنا تەنها بۆ ئەوەی نســـکۆ بەســـەر شۆڕشی ئەیلوول بهێنێت و بە داواکاری پارتێکی سیاســـیی لەقەڵەمی بدات کەئەویش داواکاری پارتـــی دیموکراتی کوردســـتانە، بەڵام رووداوەکانی دوای نســـکۆ دەریان خست راستە بارزانی نەمر وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردســـتان رێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەم دواکاریانە لەگەڵ حکومەتی عێراق رێککەوتن و دانوستاندنی ئەنجامداوە، بەڵام ئەم بەرنامەیە رەنگدانەوەی خواست و ئیرادەی

●●●

**دووربینی و هۆشیاری سەرکردایەتی شۆڕش بەگشتی و شەخسی مستەفا بارزانی لەوەدا رەنگیدابۆوە کە لە ناو ئەم پێگە جوگرافیە بێ پشت و پەنایەشدا ورەی دانەبەزی و، وێڕای گوشارە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتییەکان توانی شۆڕش بە ئاراستەیەک بەردەوامی پێبدات کە سەرەنجام ئەم شۆڕشەو سەرۆکەکەی ببێتە ناسنامەی ناساندنی کوردستان لە جیهاندا**

●●●

بووە و ئەو هێڵە سورە بووە کە هیچ سەرکردایەتییەکی کورد نەتوانێت بیبەزێنێت، راستە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی ئەم بەرنامەیە گەورەترین شۆڕشی کرد بە قوربانی، بەڵام ئەم بوون بە قوربانییە بۆتە بەرنامەی لانی کەمی داواکارییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا، راستە ئایدۆلۆژییەت و شێوازی خەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات و گەلێك لایەن دوای ساڵی ١٩٧٥ بەبێ بەشداری پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا لەگەڵ حکومەتی عێراق کەوتنە وتوێژ و دانوستاندن و ئامانجی حکومەتی عێراقیش لە هەموو ئەو دانوستاندن و وتووێژانەش بۆ ئەوەبوو کە تێکستێکی جیاواز لەبەرنامە و دواکارییەکانی شۆڕشی ئەیلول بێنێتە ئاراوە، سەرکردایەتی ئەو لایەنانەش بە هەمان بەرنامەو داواکاری شۆڕشی ئەیلوولەوە چوونە سەر مێزی دانوستاندن و بە جۆرێك لە جۆرەکان حکومەتی عێراقیان تێگەیاند، ئەوەی شۆڕشی ئەیلول داوای کردووە بۆتە بەرنامەی ئێستا و داهاتوو و، کۆدەنگی گەلی کوردستانی بەدەستهێناوە و ئەوەی بەم بەرنامەیە کەمتر لەگەڵ حکومەتی عێراق رێکەوتن بکات گەلی کوردستان لێی قبوڵ ناکات هەربۆیە ئەو دانوستاندنانەشی کە پارتی دیموکراتی کوردستان تیایدا بەشداریش نەبووە بەڵام بەرنامەکە هەر بەرنامەی شۆڕشی ئەیلول بوو، جارێکی دیکەش دوای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و چوونەوە سەر مێزی وتویژ لە ساڵی ١٩٩١، کە تیایدا سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەشداربوون و لەلایەن سەرۆك بارزانی و مام جەلالەوە سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانی دەکرا بۆ وتویژ لەگەڵ حکومەتی عێراق، دواکاری سەرەکی شاندنی بەرەی کوردستانی جێبەجێکردنی رێککەوتنامەی عێراق و ئێستاش دوای روخانی رژێمی بەعس و دامەزراندنەوەی عێراقی فیدرالی و پەرلەمانی بەشداری کورد وەك بەشداری سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی و دامەزراندنەوەی عێراقدا، بنەمای ئەم هاوبەشی و بەشداریکردنەش لەگەڵ ئەوەی مافی ئۆتۆنومی گۆڕاوە بۆ فیدالی، بەڵام سنورە جوگرافی و مێژوویەکەی ئەم هەرێمە فیدراڵییە، هەر ئەو سنورە جوگرافی و مێژووییەیە کە شۆڕشی ئەیلول بۆ ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستان لە عێراقدا دیاریکردبوو، هەربۆیە دیسان دەبێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە و لەبۆنەیەدا ئەوە دووپات بکەینەوە، شۆڕشی ئەیلول وێرای ئەو هەموو شتانەی لەسەری نوسراوە و گوتراوە، ئێستاش گەورەترین بازنەیە لە زنجیرەی ئەو خەباتەی گەلی کوردستان کە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەو مافانە شۆڕشی بەرپاکردووە و هەتا ئێستاش سەقفی دواکاریەکانی کورد لە بازنەی شۆڕشی ئەیلولەوە دەست پێدەکات.

دووەم:لەشۆڕشی ئەیلولدا گیانی لە خۆبوردیی لە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا بووە گیانی یەکتری قبوڵ کردن و پێکەوە خەباتکردن، بازنەی کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکانی کوردستان و لایەنە شۆڕشگێرو پێشکەوتنخوازەکانی عێراق ئەو ئامانجانە بوو کە هەموو لایەکی کۆدەکردەوە، کێشەمەکیش و ململانێی سیاسیی تایبەت بوو بە چوارچێوەی خودی حیزبەکان و رەنگدانەوەی سلبی لەسەر خەباتی هاوبەشی تێکرای لایەنە سیاسیەکان نەبوو، رێبەری شۆڕشیش کە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی رێبەرایەتی دەکرد، راستە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرۆکی هەموو کوردستانیش بوو بەبێ جیاوازی و وەك پارتی دیموکراتی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان دەکرد و بریارو فەرمانەکانی مەکتەبی عەسکەری شۆڕش ئاراستەی سەرجەم پێشمەرگەکانی گەلی کوردستان دەکراو هەمووشیان پێوەی پابەند دەبوون، ئەم یەکریزی و تەباییە بووە قوتابخانەیەك بۆ هەستی نەتەوایەتی هەموو گەلی کوردستان و گەلانی عێراق، بەرنامەی شۆڕش ببووە هەوێنی برایەتی کورد و عەرەب، هەربۆیە لە دوای رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ کورد و عەرەب پێکەوە خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم سەرکەوتنە دەردەبری و جارێکی دیکە بە سرودی (هەربژی کورد و عەرەب..رمز النضال) رۆژە خۆشەکانی ساڵی ١٩٥٨ی فرۆکەخانەی (المثنی)یان دووبارە دەکردەوە کە تیایدا پێکەوە کورد و عەرەب بە دروشمی ( اهلا بك بارزانی شعب العراق یحیك) پێشوازیان لە گەڕانەوەی رێبەری کورد و خەباتگێڕی دیموکراتیزەکردنی عێراق جەنابی بارزانی نەمر کرد. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژوو ئەو چەوسانەوە و زوڵمەی دژ بە شۆڕشی کوردستان پیادەکراوە، تەنها رەفتاری ئەو رژێمە شۆڤێنیانە بووە کە بەدەستی ئەم لاو ئەولا هەوڵیانداوە دژایەتی کورد و شۆڕشەکەی بکەن و عەرەبی عێراق لەو زوڵمە بێبەرییە، بارزانی نەمر پێش گەڕانەوەی لە سۆڤیەت و دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول هەستی بەم راستییە کردبوو، هەربۆیە پێش گەڕانەوەی بۆ عێراق لە میسر لایداو لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەمال عەبدولناسری سەرۆکی ئەوکاتی میسر کۆبۆوە، بۆئەوەی میسر وەك گەورەترین و کاریگەرترین دەوڵەتی عەرەبی رۆڵێکی کاریگەر لەو مەسەلەیەدا بگێڕێت و عەرەب تێبگەیەنێت کە شۆڕشی کوردستان بۆ پێکەوە ژیانی برایانەی کورد و عەرەبە لە عێراقدا، نەك دژایەتیکردنی نەتەوەی عەرەب، بەڵام بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو دەنگە عەرەبیانەی لە رەوایەتی کێشەی کورد تێدەگەن کەمترن لەو دەنگە عەرەبییە شۆڤێنیانەی دژایەتی کورد و مافە رەواکانی دەکەن.

### ئافرەت و شۆڕشی ئەیلوول

لایەنێکی دیکەی شۆڕشی ئەیلول بایەخدانیەتی بە رۆڵی ئافرەتانی کوردستان لە شۆڕشدا، ئەم بایەخدانە کە لە بنەڕەتدا رەنگدانەوەی فیکری بارزانی نەمر بووە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەوەی تاکە پارتی کوردستانی بووە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە کە نەك هەر بڕوای بەوە هەبووە کە دەبێت ئافرەت بەشداربێت لە پرۆسەی سیاسیدا، بەڵکو وەك هەنگاوێکی بوێرانە بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا ئافرەت لە ریزی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی

●●●

**بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا تورکمان وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە عێراق و کوردستاندا دان بە مافەکانیان نراو، هەربۆیە گرنگە برا تورکمانەکانمان کە بەشێك بوون لە شۆڕشی ئەیلوول هەموو کات ئەو راستییەیان لەبەر چاوبێت، هەر کاتێك شۆڕشی کوردستان بە هێز و سەرکەوتوو بوویێت، ئەوا مافی ئەوانیش وەك مافی کورد پارێزراو بووە**

●●●

**هەتا ئێستاش سەقفی دواکاریەکانی کورد لە بازنەی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەست پێدەکات**

●●●



کوردستان خۆی بینییەوە و پاشانیش یەکێتی ئافرەتان کە لەژێر سـێبەری پارتی و شۆڕشـی ئەیلوولدا ئافرەتی کوردستانی هۆشیار دەکردەوە و هاوشانی پێشمەرگە بەشداریان لە شۆڕشدا دەکرد هەنگاوێکی دیکەی شۆڕشـی ئەیلوول بوو بۆ بایەخدان بە گرنگی رۆڵی ئافرەت لە شۆڕشـدا و بڕوابوونی بوو بەوەی بەبێ ئازادی و بەشداری راستەقینەی ئافرەت هیچ شۆڕشێك سەرکەوتوو نابێت، ئەم هەنگاوە کە دواتر رەنگدانەوەی گەورەتری رۆڵی ئافرەتانی لە ناو شۆڕشی کوردستاندا بەرزتر کردەوە، بووە ئـەو ورەیەی درایە ئافرەتان و دیاردەی بوون بە پێشـمەرگەی ئافرەتان کـە دەیان نموونەی گیانفیدایی ئافرەتانمان هەیە جیا لەوانەی لەگەڵ هاوسەر و براو باوکیان بەشداری شۆڕش بوون. ژمارەیەکی بەرچاویش وەك پێشمەرگە پێشمەرگە بوون و ئەمەش تەنها بـۆ ئافرەتانی کورد نەبوو بەڵکـو گەلێك لە ئافرەتانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی دیکەی کوردستانیش هەمان رۆڵیان بینیوە، لەسەر ئاستی رێکخستنەکانیش کە وەك پێشمەرگە و لە ناو شارەکاندا رووبەڕووی سیاسەتە داپلۆسێنەرەکانی رژێمەکانی عێراق دەبوونەوە و ئافرەتانی کوردستان ئەو بوارەیان بۆ رەخسابوو لەسەر ئاسـتی بەشداری سیاسیی و و چالاکی چەکداریانەش لەناو رێکخستنەکاندا رۆڵی خۆیان بگێرن، نموونەشمان لەمبارەوە گەلێك زۆرە بەڵام دیارترینیان شـەهید لەیلا قاسمە کە لە ناو بەغدادا بە بوێری و ئازایەتی ئەو جەلادانەی شەرمەزار کرد کە پەتی سێدارەیان لە مل دەکرد.

ئەم هەنگاوەی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول بۆ ئازادی ئافرەت و بەشدارپێکردنی ئافرەت لە سەرکردایەتی و خەباتی سیاسیی و چەکداریـدا لە کاتێکدا بوو، تەنانـەت پێش چەند یەکەیەك لە ئەوروپاش ئافرەت مافی دەنگدانی نەبوو، لەسـەر ئاسـتی ئاسـتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تاچەند سـاڵێك لەمەوپێش هەموو وتوێژە سیاسییەکان لەسەر ئەوەبوون ئایا ئافرەت مافی بەشداریکردنی بۆ دەنگدان هەیە یان نە؟

## شۆڕشی ئەیلوول و
## ناوچە ئازادکراوەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

کە دەڵێن شۆڕشـی ئەیلوول یەکێکە لە شۆڕشە گەورەکانی جیهان و گەورەترین شۆڕشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، ئەمە بەو مانایەیە کە شۆڕشەکە تەنها بەڕێوەبردنی کاری شۆڕشـگێڕانەوە و دابینکردنی پێداویستی و بەڕێوەبردنی لەشـکری پێشـمەرگەی کوردسـتان نەبووە، بەڵکو شـۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکانـدا ئیدارەیەکی تەواوی رێکخسـتنی ژیانی خەڵك و هەروەهـا بەرگریکردنیش بووە لە ژیان و سەرو ماڵی ئەو خەڵکەی لە ناوچەکانی شۆڕشدا بوون کە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- یەکێك لە سیما جوانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش ئەوەبوو، لەو ناوچانەدا یاسا کاروباری خەڵکی رێکدەخست،

●●●

**مێژوو پێمان دەڵێت ئەو داواکارییانەی شۆڕشی ئەیلوول کە لەساڵی ١٩٧٠ بۆ رێککەوتنی ئادار لەگەڵ حکومەتی عێراق وتووێژی لەسەرکردووە و پاشان حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئەو ماف و داواکارییانە نەسەلمێنێت و پەنای بۆ پیلانێکی نێو دەوڵەتی برد و وازی لە بەشێکی خاکی عێراق هێنا تەنها بۆ ئەوەی نسکۆ بەسەر شۆڕشی ئەیلوول بهێنێت و بە داواکاری پارتێکی سیاسیی لەقەڵەمی بدات کەئەویش داواکاری پارتی دیموکراتی کوردستانە**

●●●

**لەگەڵ ئەوەی مافی ئۆتۆنۆمی گۆڕاوە بۆ فیدالی، بەڵام سنورە جوگرافی و مێژوویەکەی ئەم هەرێمە فیدراڵییە، هەر ئەو سنورە جوگرافی و مێژووییە کە شۆڕشی ئەیلوول بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە عێراقدا دیاریکردبوو**

**ئەم هەنگاوەی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول بۆ ئازادی ئافرەت و بەشدارپێکردنی ئافرەت لە سەرکردایەتی و خەباتی سیاسیی و چەکداریدا لە کاتێکدا بوو، تەنانەت پێش چەند یەکەیەک لە ئەورووپاش ئافرەت مافی دەنگدانی نەبوو، لەسەر ئاستی ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تاچەند ساڵێک لەمەوپێش هەموو وتوێژە سیاسییەکان لەسەر ئەوەبوون ئایا ئافرەت مافی بەشداریکردنی بۆ دەنگدان هەیە یان نە؟**

راســتە پەرلەمانێك نەبوو بۆ ئەوەی یاســا بۆ ئەو ناوچانە دەربکات، بەڵام شۆڕش دادگای باڵای شۆڕشی دامەزراندبوو کــە دەتوانین بڵێین ئەم دادگایە ئەلتەرناتیڤ یان هاوشــێوەی دەســەڵاتی دادەوری بوو لە ناوچەکانی شۆڕشدا، ئەم دادگایە تەنها بۆ ئەوە نەبوو کە لەو مەســەلانە بپێچێتەوە کە پەیوەندیان بە باری نائاسایی شۆڕش و ئەوکەسانەوە هەبێت کە خیانەت لە شۆڕش دەکەن، بەڵکو ئەم دادگایە ئەو دەسەڵاتە باڵایە بوو کە بە یاسا ژیانی رۆژانەی خەڵکی رێکدەخست و هەر هاوڵاتییەکی کوردستان کێشــەی خۆی رووبەڕووی ئەم دادگایە بکردایەوە ئەم دادگایە لێکۆڵینەوەی لەســەر دەکرد و ئەو مافەشی هەبوو تاوانبار یــان تۆمەتبار لە هەر پلەو پایەکدابێت بانگهێشــتی بەردەم دادگا بکات و ســەرکردایەتی شۆڕشــی بەگشــتی و شەخســی بارزانی نەمریش هەموو دەســەڵاتێکی دابوو بەم دادگایــە، ئەوانەی لەو رۆژگارەدا پێشــمەرگە بوون یان وەك هاوڵاتی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشــدا ژیاون، هەست بەو دادپەروەرییــە کۆمەڵایەتییە دەکەن، بۆمان باس دەکەن کەچۆن هاوڵاتییەکی ئاسایی مافەکانی پارێزراو بووە.

٢- لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و لەو ناوچەنەی شۆڕش حوکمــی تیادا کردووە چەندین دیاردەی قێزەونی کۆمەڵایەتی بنبڕ کران وەك بەزۆر بەشودانی ئافرەت و گەورە بەبچوك و ژن بەژنی بە زۆر.



٣- لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا پەروەردەی کۆمەڵایەتی لەســەر بنەمای بەرژوەندی گشتی بوو، خەڵك پێی شەرم بوو بەرژوەندی تایبەتی خۆی بخاتە سەروو بەرژوەندی گشتییەوە، ئەم پەروەردەیە رەنگدانەوەی هەڵسوکەوت و رەفتاری رۆژانەی بارزانــی نەمر بوو، بارزانــی نەمر نەك هــەر خاوەنی هیچ سامانێکی مادی و کۆشك و تەلار نەبوو، بەڵکو وەك سادەترین جوتیاری کوردســتان لە ناو رەشــماڵ و خانــوە قورینەکاندا رێبەرایەتی شۆڕش و گەلەکەی دەکرد، بارزانی نەمر لەسەر ئەو بنەمایە گەلی کوردســتانی پەروەردەکردبوو کە بەرپرسیاریەتی واتە خزمەتکاری گەلی کوردســتان هەربۆیە کەسێك پۆست و بەرپرسیاریەتی بۆ مەبەستی دیکە بەکاربهێنایە ئەگەر شۆڕش لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکردایا، بەڵام لە دیدی هاوڵاتیانەوە بە چاوی رێز سەیر نەدەکرا.

٤- لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا هەموو هەر پێشمەرگە نەبوون، بەڵام کاری هیچ لایەکیشیان لە کاری پێشمەرگایەتی و مقاوەمەت کەمتر نەبوو، لەبەر ئەوەی ئامانجی هەموو لایەك خزمەتکردن بوو، هیچ کەس پیشــەکەی خــۆی لەوی دیکە بەکەمتر و زیاتر نەدەزانی هەربۆنموونە:

أ- ئەوانەی مامۆســتا بوون نەیانهێشت پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لە رۆژە ســەختەکاندا رابوەستێت و لەژێر بۆردومان و بۆمبای ناپاڵمدا قوتابخانەکانیان دانەخست.

ب- مامۆســتایانی ئاینی کوردســتان رۆڵێکــی گەورەو کاریگەریان لە ناو خەڵك و لەناو شۆڕشــدا گیرا، ئەو رۆڵەی پیاوانی ئایینی لە شۆڕشدا گێریان، بێگومان نەك تەنها پیاوانی ئایینی ئیســلام بەڵکو پیاوانی ئایینی کریستیان و یەزیدیش، ئەو رۆڵە بوو کە شایســتەی ئــەو پیاوانەی ئایین بوو، هەموو ئایینەکانی کوردســتان خەباتی پێشــمەرگانەیان بۆ رزگاری کوردســتان بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا تەفسیر دەکرد، بێگومان دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە پیاوانی ئایینی ئیســلام بە حکومی ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردســتان موســڵمانن رۆڵێکی گەورەتریان گێڕاوە و شۆڕشــیان وەك شۆڕشی خۆیان سەیرکردووە و فەتوایان دابوو کەدەبێت زەکات بە شۆڕش بدرێت، هەربۆیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا پیاوانی ئاینی ئیسلام شوێنێکی دیاریان لای جەنابــی بارزانی نەمر هەبوو تەنانەت کەیەکێتی زانایانی ئیســلامی کوردستان دامەزرا.، جەنابی بارزانی نەمر وەك سەرۆکی فەخری ئەو یەکێتیە دەسنیشانکرا.

ت- لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا جیاوازی هێجگار کەمبووە و دەکرێت بڵێین هەشــبووبێت بەو ئاستە بەرچاو نەبووە، دابینکردنی پێداویستی ژیانی رۆژانەی پێشمەرگە و یارمەتی نەقدی بۆ پێشــمەرگە راستە زۆر کەم بووە بەڵام یەکسانی تیا رەچاو کراوە، ئەم دیاردەیە خەڵکی ئاســایی هەســتی پێدەکرد هەربۆیە هەمووکات پێشــمەرگەی کوردستان لە سەرتاسەری کوردســتان وەك کوڕ و برا لەلایەن هاوڵاتیانی کوردســتانەوە پێشوازیان لێکراوە و هەموو کات پێشمەرگە خۆی بەقەرزداری خەڵك زانیوە نەك بە پێچەوانەوە.

ث- خەڵکی کوردستان بە تێکرا هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆی گرێدابۆوە بە چارەنووس و ئایندەی شۆڕشـــەوە، هەربۆیە کە لە ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق لە بەڵێنەکانی بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ئادار پەشـــێمان بۆوە، نەك تەنها هاوڵاتیان دوای شۆڕش کەوتن بەڵکو بێجگە لە دامەزراوە حکومییەکان زانکۆی سلێمانیش کە ئەو کات تەنها زانکۆ بوو لە کوردستان زانکۆکەیان گواســـتەوە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش و لە هەردوو شاری قەلادزێ و هەڵەبجـــە بڕیاریاندا درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن زانکۆکە لە ناوچەکانی شۆڕشدا بەردەوامبێت، ئەم تێکەڵاوییەی نێوان ســـەرجەم پێکهاتەکان لەگەڵ شـــۆڕش و بڕیاردان بەوەی تەنانـــەت دەبێـــت خوێندنی زانکۆش لە ناوچـــە ئازادکراوەکان بەردەوامبێت، ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو متمانە گەورەیەی گەلی کوردســـتان بوو بە شۆڕش و سەرکردایەتییەکەیە و شەرعیەتدان بوو بە دامەزراندی حکومەتێـــك لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، کە ڕژێمی بەعس پێی قبوڵ نەدەکرا، بۆیە بە دڕەتدرین شێوە و بە بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم هەردوو شاری قەڵادزی و هەڵبجەی بۆردومانکردو نەیهێشت زانکۆکە بەردەوامبێت.

## وانەکانی ئەیلوول بۆ ئەمڕۆمان

سەرۆك مسعود بارزانی لە زۆربوونەدا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە ئەگـــەر مێژووی ڕابردوومـــان نەخوێنینەوە و پەندی لێوەرنەگرین ناتوانیـــن هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبگرین، بێگومان ئەم ئاماژەیەی ســـەرۆك مسعود بارزانی ئاماژەیەکی گرنگە و هەمـــوو نەتەوەکانی جیهانیش لەســـەر مێژووی ڕابردوویان ئایندەی خۆیان بنیاد ناوە. گرنگە بۆ ئەمڕۆش شۆڕشی ئەیلول وانەیەك و پەندێك بێت بۆ ئێســـتا و داهاتوومان و وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێبدەینەوە کە لە ئاستیدا بێ وەڵامین:

- ئێســـتا لە زۆر بۆنەدا بـــاس لەوە دەکرێت کـــە لەنێوان حکومەت و خەڵك یان ســـەرکردایەتی سیاسی و هاوڵاتیاندا بۆشاییەك هەیە و هەمووشمان کەم تازۆر هەوڵمانداوە بەدوای هۆکاری دروســـت بوونی ئەو بۆشـــاییە بگەڕێن، بەڵام وەك پێویست نەمانتوانیوە دەست بخەینە سەر برینەکەو چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، یان ئەو پرسیارەمان لە خۆمان نەکردووە بۆچی ئەم دیاردەیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا بوونی نەبووە؟

- بـــاس لەوە دەکرێت خەڵکی کوردســـتان فێری مووچەی بەلاش و کولتـــووری کارنەکردن بووە و ئامـــادە نییە هەموو کارێك بکات، بەڵام لە خۆمان نەپرسیوە ئەی بۆچی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشـــی ئەیلوولدا هەر ئەو خەڵکە ئامادەبوو لەژێر بۆمبارانکردنی تۆپ و فڕۆکە کاربکات و ئامادەش بوو هاوکاری پێشمەرگە بکات ؟

- باس لەوە دەکرێت دیاردەی ئیســـغلالکردنی بازرگانی و خراپ سوود وەرگرتن لەماڵی میللەت هەیە و چارەسەرکردنیشی ئاســـان نییە، بەڵام ئەو پرســـیارە لە خۆمان ناکەین بۆچی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شـــۆڕش لە زاخۆ تاخانەقین نەك هەر مافـــی هاوڵاتیان پارێزراو بوو، تەنانەت خەڵك نەیدەوێرا ڕاوی پەلـــەوەرو ئاژەڵی کێوی بکات، تەنانەت ڕاوکردنی ماســـیش ڕێوشوینی گونجاوی خۆی هەبووە؟

- باس لەوە دەکرێت کە ئێســـتا کەس لە پیشـــەکەی خۆی ڕازی نییە، بەڵام ئەو پرســـیارە لە خۆمان ناکەین ئەی بۆچی لە شۆڕشـــی ئەیلولـــدا پینەدۆزێك هێنـــدەی بەڵێندەرێك و مامۆستایەك هێندەی پزیشکێك و کرێکارێك هێندەی ئەندازیارێك پیشەکەی خۆی خۆش ویســـتووە و ئامادەش بووە بەشێك لە داهاتەکەی بداتە شۆڕش و سەرفرازی میللەتەکەی؟

- بـــاس لەوە دەکرێت خەڵـــك هەرچی بۆ بکەی ناڕازییە و خۆی هەر بەمەغدور دەزانێت، بەڵام ئەو پرســـیارە لە خۆمان ناکەین باشـــە بۆچی گەورەترین دیاری و بەخشینی سەرۆك بارزانی نەمر تەنها دار جگەرەیەك بووە و خەڵکی کوردســـتان بە کورد و تورکمان و کریستیان و یەزیدیەوە ئەو دارجگەرەیەی بە هەموو سامانی دنیا نەدەگۆڕییەوە و نەوە لە دوای نەوەش شانازیان بەو دار جگەرەیەوە کردووە؟

ئێمە لەم ڕاپۆرتە وەڵامی ئەم پرســـیارانە و بەراوردکاری ئێستا و سەردەمی شۆڕشی ئەیلول نادەینەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێین لە وڵاتێکدا دادپەروەی کۆمەڵایەتی هەبوو یاســـا بە ئاسانی دەچەســـپێت و کەسیش خۆی بە مەغدور نازانێت، باشترین ســـەرچاوەش بۆ تێگەیشـــتن لە ڕاستییە سادەیە دووبارە خوێندنەوە و ســـوود وەرگرتنە لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول.



یەکێک لە سیما جوانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش ئەوەبوو، لەو ناوچانەدا یاسا کاروباری خەڵکی ڕێکدەخست، ڕاستە پەرلەمانێک نەبوو بۆ ئەوەی یاسا بۆ ئەو ناوچانە دەربکات، بەڵام شۆڕش دادگای باڵای شۆڕشی دامەزراندبوو کە دەتوانین بڵێن ئەم دادگایە ئەلتەرناتیڤ یان هاوشێوەی دەسەڵاتی دادوەری بوو لە ناوچەکانی شۆڕشدا

باس لەوە دەکرێت کە ئێستا کەس لە پیشەکەی خۆی ڕازی نییە، بەڵام ئەو پرسیارە لە خۆمان ناکەین ئەی بۆچی لە شۆڕشی ئەیلوولدا پینەدۆزێک هێندەی بەڵێندەرێک و مامۆستایەک هێندەی پزیشکێک و کرێکارێک هێندەی ئەندازیارێک پیشەکەی خۆی خۆش ویستووە و ئامادەش بووە بەشێک لە داهاتەکەی بداتە شۆڕش و سەرفرازی میللەتەکەی؟

ڕۆژی ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ بەدەسپێکی ئەو مێژووە دادەنرێـت کـە جیهانی پێش لێدانـی سـەنتەری بازرگانی جیهانی (WTO) لە جیهانی دوای ئەو کارەساتە جیادەکاتەوە، ئـەو ڕۆژەیە کەتیایدا مەترسـی تیرۆر گەیشـتە لوتکە و لە هەردوو ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و ئارام پەڕیەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بایەخی ئەم دوو ئۆقیانووسەی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیـی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا بێ بایەخ کرد، ئـەو وەرچەخان و ڕاچلەکانەی ئەمریکابوو کە ناچاربوو هەموو حاڵەتێکی نائاسـایی ڕابگەیەنرێت بە شاردنەوەی دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ئەمەش نەوەك لەم ڕووبەڕوبونەوەیەدا سەرۆك بوش تیا بچێت و لە ئەمریکا بۆشایی نەبوونی سەرۆك دروست ببێت .

هەڵمەتە تیرۆریسـتیەکانی ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ڕاسـتە بە لێدانی سـەنتەری بازرگانی جیهانی (WTO) دەستپێکرد بەڵام هێرشەکان بەر بڵاو بوون و لەیەك کاتدا کۆشکی سپی و پێنتاگۆنیشی گرتەوە، یەکەم ڕووداوی تیرۆریستیش بوو کە ڕاستەوخۆ هەموو جیهان دەبینی، هەربۆیە بەجۆریك ئەمریکا و جیهانی شلەژاند کە پێشتر ڕووداوی لەو شێوەیە نەبینرابوو:

-١بێجگـە لە فڕۆکەی یەکـەم کە خۆی کێشـا بە تەلاری سەنتەری بازرگانی جیهانی بە چەند چرکەیەك کەناڵی CNN ئـەم ڕووداوەی بۆ هەموو جیهان پەخش کـرد، هەر بۆیە زۆر بەئاسانی وێنەی فڕۆکەی دووەم گیراوە کە خۆی بە باڵەخانەی دووەمی سەنتەری بازرگانی جیهانیدا کێشا .

-٢ ئەو فڕۆکانەی خۆیان کێشـا بەکۆشکی سپی پێنتاگۆندا پێش تەقینەوەیان بە ڕێگەی مانگی دەسـتکرد دەگوازرانەوە و هەموو جیهان شـاهیدی ئەو کارە تیرۆریستەی بوون، ئەمەش وایکرد ئەو کارەسـاتە کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەبێت نەك تەنها ئەمریکا.

**مەزندە و تەفسیری سەرەتایی**
**بۆ ئەنجامدەرانی ئەو کارە**

دوای گواستنەوەی ئەم کارەساتە گەورەیە لە ڕێگەی CNN ەوە، وێنەکانی CNN بوونە شاشەی هەموو کەناڵەکانی جیهان بەگشتی و کەناڵە عەرەبیەکان بەتایبەتی، هەریەك لەم کەناڵانەش بەپەلەپەل پەیوەندیان بە چەندین پسپۆری سەربازی و ستراتیژی کردو کەوتنە تەفسـیرو مەزندەو مەزندەکاری بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە و ئەو هۆکارانـەی بوونە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، تەفسـیرە سەرەتاییەکان باسـی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیان نەدەکرد، لەسـەر ئاستی میدیاکانی ڕۆژئاوا ئاماژە بـە هێزی سـووری ژاپۆنی دەکرا و هـۆکاری ئـەم کارەشـیان دەگێڕایەوە بۆ تۆڵەسـەندنەوەی ئەو ڕێکخراوە بۆ شـاڵاوەکانی ئەمریکا بـە بۆمبی ئەتۆمی بۆسـەر هێرۆشیما و ناگازاکی لە ژاپۆن لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا . تەفسـیری عەرەبیش بۆ ئەم کارەسـاتە بە تۆڵەسەندنەوەیەکی ئیلاهی بۆ زۆرداری ئەمریـکا ئاماژەی پێدەکرا و، ئەمریکاشـیان وەك یەکێك لـە دەوڵەتە عەرەبیەکان سـەیردەکرد، هـەر بۆیە باس لەوەش دەکرا کە دوورنییە ئەمە کودەتایەکـی سـەربازی بێت .بەڵام ئەوەیان لەبیر چووبوو کە دامەزراوەی سـەربازی ئەمریکا وەك دامـەزراوەی سـەربازی



ولاتانی عەرەبی نییە، هەتا ژەنراڵەکان بتوانن کودەتای سەربازی ئەنجامبدەن زیاد لەمەش دامەزراوەی سەربازی رۆژئاوا بەگشتی و دامەزراوەی سەربازی ئەمریکا (پێنتاگۆن) بەتایبەتی، راستە دامەزراوێکە بۆ بەرگریکردن لە سەروەری و ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بەرێگەی هێزی سەربازی، بەڵام لە بنەڕەتدا دامەزراوەیەکی سیاسییە و سیاسیەکان هەڵیدەسوڕێنن نەك وەك دەوڵەتە عەرەبیەکان ژەنراڵەکان هەموو شتێك بن، هەربۆیە مەسەلەی کودەتای سەربازی ئەو بۆچوونە دوورە بوو کە هەرزوو پوکایەوە و وردە وردە سەری داوەکان دەرکەوتن کە ئەم کارە دەستی رێکخراوی تیرۆرستی ئەلقاعیدەیە و رێکخراوی ئەلقاعیدەش بە فەرمی بەرپرسیاریەتی ئەم کارەی خستە ئەستۆی خۆی .

## بوش لەیەکەم تاقیکردنەوەی شەڕی دژە تیرۆردا

کە ئیدارەی سەرۆك بوش رووبەرووی ئەم کارەساتە بووەوە، تەنها ٢٠٠ رۆژ بەسەر ئەزموونی سەرۆکایەتی بوش و کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەیدا تێپەڕیبوو، هەموو شرۆڤەگەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرقاڵی ئەوەبوون کە کۆڵن پاول وەك ژەنراڵێکی سەربازی ناتوانێت لە سەرۆکایەتیکردنی دبلۆماتیەتی ئەمریکا سەرکەوتوو بێت، هەندێکی دیکەش لە چاودێران دەسنیشانکردنی کۆڵن پاوڵیان وەك وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە وەرچەرخانێکی ترسناك لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و دبلوماسیەتی ئەمریکا وەسف دەکرد بەتایبەتی کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایان بەو جۆرە وەسفدەکرد بەوەی لە (پیادەکردنی هێزی دبلۆماسیەوە گۆڕاوە بۆ دبلۆماسیەتی هێز) ئەمەش پێش ١١ی سێپتەمبەر وەك ئاماژەیەکی ترسناك سەیر دەکرا کە ئەمریکا بە دانانی ژەنراڵ پاوڵ بۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا مەبەستێتی کە بەزەبری هێزی سەربازی شکۆی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت و بەمەش ئەمریکا رووبەرووی گەورەترین مەترسی دەبێتەوە لە مێژووی دبلۆماسیەتی خۆیدا .

بەڵام کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر هەموو ئەم بۆچونانەی بە ئاراستەیەکی دیکەدا گۆڕی و کۆڵن پاوڵی لەو قەیران و رەخنانە دەرباز کرد کە رووبەرووی دەبوونەوە، بەتایبەتی کە سەرۆك بوش لە یەکەم دەرکەوتنیدا دوای هەرەسهێنانی هەردووباڵەخانەکەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لە مەنهانتن و داوای لە ئەمریکیەکان کرد کە پێویستە لەم رۆژەدا هەموو لە دەوری ئاڵای ئەمریکا کۆببنەوە و ئەم قەیرانە تێپەڕێنن، لە هەمانکاتدا ئەوەشی درکاند کە ئەمە شەری پێکدادانی شارستانیەتەکانە (بەڵام زوو لێی پەشێمان بۆوە) و داوای لەسەرجەم جیهان کرد کە خۆیان ساخ بکەنەوە یان ئەوەتا دەبێت لەگەڵ گەلی ئەمریکا بن لەم قەیرانە یان ئەوەتا دەبێت رایبگەیەنن لەبەرەی تیرۆرستانن، لەمەش راشکاوانەتر رایگەیاند ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دوژمنمانە .

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە





**له ماوەی ئەم ٧ ساڵەی ڕابردوودا جیهان کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە هێشتا ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی نەگەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی پێش ١١ی سێپتەمبەر**

بە تێکڕای دەنگی هەر ١٥ ئەندامەکەی بە پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەشیەوە بڕیاری ١٣٧٧ ی پەسند کرد کە تیایدا داوا دەکات:

- کارە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیەکان یەکێکە لە ترسناکترین هەڕەشەکان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان لە سەدەی بیست و یەکەمدا.
- کارە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیەکان گەورەترین تەحدییە کە ڕووبەڕووی سەرجەم دەوڵەتان و مرۆڤایەتی دەبێتەوە.
- ئەم بریارە داوا لەسەرجەم دەوڵەتان دەکات کە ڕێوشوینی پێویست و خێرا بۆ جێبەجیکردنی بریاری ١٣٧٧ بگرنە بەر .

دەرچوونی ئەم بریارە گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ سەرۆك بوش لە یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی کارەساتێکی واگەورەدا و هەروەها بۆ دروستکردنی کۆدەنگیەکی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژە تیرۆردا کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد و هەر ئەمەش ڕێگەی بۆ بریارێکی دیکە خۆشکرد کەئەمیان بەسەرکەوتنی دبلۆماسیەتی پاوڵ ئاماژەی پێدەکرێت، ئەویش بڕیاردانی شەڕی خۆپارێزی ( الحرب الوقائیە)بۆ لەڕیشە هەڵکیشانی ئەو دەوڵەتانەی کە بوونە پەناگەی تیرۆر و تیرۆریستان لە جیهاندا، بەمەش لە چوارچیوەی ئۆپەراسیۆنی بازدا (Eagle Operation) ڕژێمی تاڵیبانیان لە ئەفغانستان ڕووخاند، لەم ئۆپەراسیۆنەدا پاوڵ توانی ڕای گشتی و شەرعیەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی تالیبان بەدەست بهێنێت، بەڵام بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا نەیتوانی ئەو شەرعیەتە بەدەست بهێنێت، هەربۆیە داوای دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەشی بوش کرد بەڵام سەرۆك بوش لە پۆستی یەکەمدا لێی قبوڵنەکرد، بەڵام لە پۆستی دووەمدا ئەم پۆستەی لە پاوڵ وەرگرتەوە و بە کۆندالیزا ڕایسی سپارد.

## حەوت ساڵ
## دوای جیهانی ١١ی سێپتەمبەر

لە ماوەی ئەم ٧ ساڵەی ڕابردوودا جیهان کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە هێشتا ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی نەگەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی پێش ١١ی سێپتەمبەر، هەر بۆیە کە لەسەر ئاستی ئاسایش و سەقامگیری جیهان کارەساتەکە هەڵدەسەنگێنین هەستدەکەین کە جیهانی پێش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لە جیهانی دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر سەقامگیر تربووە، ڕاستە کارەساتی هاوشێوەی سێپتەمبەر دووبارە نەبۆتەوە، بەڵام یاساکانی دژە تیرۆر و هاوکاری هەواڵگری ترانس ئەتلەنتیك ( ئەمبەر و ئەوبەری ئەتڵەسی ) بوونەتە هۆکاری ئەوەی هەندێك ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر کە بوونە هۆکاری ئەوەی ئەو کەلتورەی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی ئازادی تاك شانازی پێوەدەکرد تارادەیەکی زۆر پێشێلبکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەشەڕی دژە تیرۆردا



هەندێك تەكنەلۆژیا بە كاردەهێنرێت كە بە پێشـــلكاری مافی تاك لەقەڵەم دەدرێت لەوانە:

-١ دانانی كامێرا لە زۆربەی شـــوێنە گشتیەكان، ئەم كامێرانە بوونە هۆكاری ئەوەی كە تاكەكان ئازاد نەبن لەوەی بە ئارەزووی خۆیان رەفتاربكەن .

-٢ بە كارهێنانی ئامێری گوێگرتن لە تەلەفون و تۆماركردنی دەنگ لەشـــوێنە گشـــتییەكان، ئەمەش هۆكارێكە بۆ ئەوەی تاكەكان مافی ئەوەیان نەبێت بە ئازادی قسەبكەن.

-٣ بـــە كارهێنانی كامێرا بە تەكنەلۆژیـــای نوێ بە تایبەتی لـــە فرۆكەخانەكاندا بـــۆ بینینی دیوی ناوەوەی جەســـتەی گەشـــتیارەكان، ئـــەم ئامێرە تازەیە لەگەڵ ئەوەی تائێســـتا بە فەرمـــی رێگەی پێنـــەدراوە بەكاربهێنرێت، بـــەڵام ئەگەر لە حاڵەتێكـــدا پێویســـت بێت بەكاربهێرێت بە پێشـــلكاری ماف و ئازادی تاك لەقەڵەم دەدرێت.

-٤ لەســـەر ئاســـتی سیاســـەتی نێودەوڵەتی بەداخەوە هەندێك دەوڵەت كە هاوپەیمانن لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژە تیرۆر، ئەم هاوپەیمانییەیان بە خراپ سوود لێوەرگرتووە و یاسای دژە تیرۆر بۆ چەوســـانەوەی گەلێكی مەزلوم بـــەكار دەهێنن وەك توركیا كە هەوڵیداوە شـــەڕی دژە تیرۆر بە خراپ دژی مەسەلەیەكی رەوای وەك مەسەلەی كورد لە توركیا بەكاردەهێنێت و گەلێكی ئاشتیخواز ســـەرتاپا دەخاتە قاڵبی تیرۆریزم و وەك تیرۆریست مامەڵـــەی لەگەڵ دەكات و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێدەنگە، ئەمە لە كاتێكدا دەبوایە هاوپەیمانی دژە تیرۆر هەنگاوێك بوایە بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە كە لە بنەڕەتدا كێشەی گەلێكی ئاشـــتیخوازەو بە درێژایی مێژوو قوربانی دەستی تیرۆر بووە و ئەگەر كێشەكەشی بەشێوازی سیاســـیی و ئاشتیانە چارەسەر بكرێت ئەوا دەبنە باشترین هاوپەیمانی دژە تیرۆر لە هاوپەیمانی دژە تیرۆر لە جیهاندا .

## رووخانی رژێمی سەدام حوسین وەک گۆرانکاریەکی پاش ١١ی سێپتەمبەر

بڕیاری رووخانی رژێمی سەدام حوسین لەلایەن سەرۆك بوشەوە بەیەكێك لە بڕیارە مێژوویی و گرنگەكانی ســـەردەمی ئیدارەی جـــورج دەبلیو بوش دادەنرێت و لـــە مێژووی عێراقدا بە چاوی رێزەوە سەیر دەكرێت .

ئەم بڕیارە لەگەڵ ئەوەی لەلایـــەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە شـــەرعیەتی پێنەدرا، بەڵام هەڵمەتی هاوپەیمانانی پرۆســـەی ئـــازادی عێراق لەمـــاوەی كەمتر لە ٣ هەفتـــەدا بە زیانێكی كەم بووە هۆكاری ئـــەوەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تارادەیەكی زۆر گوشـــارەكانی خۆی لەسەر ئیدارەی ئەمریكا كەم بكاتەوە، هەربۆیە وەك مافی هێزێكی داگیركار بە بڕیارێكی ئەنجومەنی ئاسایش ئەركی پاراستنی ئەمریكا خرایە ئەستۆی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی .

●●●

**بڕیاری رووخانی رژێمی سەدام حوسین لەلایەن سەرۆک بوشەوە بەیەکێک لە بڕیارە مێژوویی و گرنگەکانی سەردەمی ئیدارەی جورج دەبلیو بوش دادەنرێت و لە مێژووی عێراقدا بە چاوی رێزەوە سەیر دەکرێت**

●●●

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم ئۆپەراسیۆنەی وەك هەڵمەت و شەڕێکی خۆپاریزی دەست پێکرد، لەو روانگەیەوە لەسەر هەق بوو کە رژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن هەڕەشەیە بۆسەر ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەربۆیە بەرووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە عێراقدا پارسەنگی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تەواوەتی بەلای ئەمریکادا شکایەوە و ئەو دەوڵەتانەشی کە پێشتر بەرگریان لە رژێمی سەدام حوسێن دەکرد یان بە شێوازی جۆراو جۆر دژایەتی ئەمریکایان لە ناوچەکەدا دەکرد، هەموو هاتنە سەر ئەو بڕوایەی یان دەبێت لەگەڵ واقیعی تازە خۆیان بگونجێنن یان رووبەرووی هەمان چارەنووسی رژێمی سەدام حوسێن دەبنەوە و، وەك یەکێك لە راپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەمریکاش ئەمساڵ ئاشکرای کرد ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣ بەتەواوی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی خۆی راگرتووە، هەروەها سوریاش بە ئاسانی لە باشوری لوبنان کشایەوە، دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکاش وەك سعودیە و تورکیا کە زۆر بەتوندی دژی ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بوون پاش سەرکەوتنی پرۆسەکە تەواو تەواو بە سیاسەتی خۆیاندا چوونەوەو پەنجەی پەشێمانیان گەست کە لەو پرۆسەیەدا هاوکاری تەواوی ئەمریکایان نەکردووە .

## ئەمریکا لە رووخانی سەدام حوسێن سەرکەوتووبوو بەڵام لە بونیادناوەی عێراق شکستی هێنا

ئەگەر ئەمریکا وەك چۆن لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و روخانی رژێمی سەدام حوسێندا سەرکەوتبوو، بەو شێوەیەش لە بونیادنانەوەی عێراقێکی فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی دیموکراتیدا سەرکەوتوو بووایە، ئەوا ئێستا نەك هەر باردۆخی عێراق بەم شێوەیە نەدەبوو، بەڵکو پێگەو شکۆی ئەمریکاش لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکەش بەتایبەتی لە ئاستێکی دیکەدا دەبوو، زۆر لە چاودێران مەزندەی واقییعەکەیان بەمجۆرە دەکرد:

**-١** ئێران دەستبەرداری پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەبووەوە و هەروەها سنوورێکیشی بۆ یارمەتیدانی حزبوڵلا و حەماس دادەنا .

**-٢** سوریا کە ئێستاش هەر دبلۆماسیەتی ئەسەدی باوك پیادە دەکات، ئەگەر ئەمریکا لە عێراق سەرکەوتوو بووایە لەسەر **٣** ئاست نەرمی پیشاندەدا.:


**ا-** پێش تیرۆکردنی رەفیق حەریری لە باشوری لوبنان دەکشایەوە.

**ب-** لە چارەسەرکردنی کێشەی جۆلان و وتوێژکردن لەگەڵ ئیسرائیل هەنگاوی زیاتر دەچووە پێشەوە .

**ج-** هەندێك هەنگاوی کرانەوەی لە ناو سوریادا هەڵدەگرت و کۆمەڵێك ریفۆرمی گرنگی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی سوریا ئەنجامدەدا، لەوانە رەفتاری بەرامبەر کوردی سوریا دەگۆڕی و لانی کەم دانی بە مافە کولتوریەکاندا دانا و وەك هاووڵاتییەکی سوری رەگەزنامەی پێدەبەخشین.

**-٣** لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی بە تایبەتی میسر و سعودیە چیدیکە ئەو بیانووە بوونی نەدەما کە هەموو کات

**ئەگەر ئەمریکا وەک چۆن لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و روخانی رژێمی سەدام حوسێندا سەرکەوتبوو، بەو شێوەیەش لە بونیادنانەوەی عێراقێکی فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی دیموکراتیدا سەرکەوتوو بووایە، ئەوا ئێستا نەک هەر باردۆخی عێراق بەم شێوەیە نەدەبوو، بەڵکو پێگەو شکۆی ئەمریکاش لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکەش بەتایبەتی لە ئاستێکی دیکەدا دەبوو**



ئیدارەی ئەمریکای پێدەترسێنن بەوەی ئەگەر ئەمان بەو شێوەیە رەفتار نەکەن ئەوا حزبە ئیسلامیەکان دێنە دەسەڵات، هەر بۆیە ناچاردەبوون لەسەر ئاستی ناوخۆ ریفۆرم بکەن، لەبەرامبەر پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیلیشدا هاوکاریەکی جیدی بکەن، بێگومان هاوکاری جددی سعودیە و میسریش بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی عەرەب- ئیسرائیل هەنگاوی گەورەی بەرەوپێشەوە چوونی بەخۆیەوە دەدیت و بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە دەکەوتە واری جێبەجێکردنەوە .

٤- سەرکەوتن لە عێراقدا دەبووە هۆکاری پەرەپێدانی دیموکراتی لە تورکیا و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی عەسکەر لەو وڵاتەدا، ئەمەش رێگەی خۆشدەکرد بۆ ئەوەی تورکیا زووتر ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا و گەیاندنی سنورەکانی ئەورپا بە رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق و چارەسەری کێشەی کورد و کەمینەکانی دیکە لە تورکیا، بەمەش تورکیا وەك وێستگەی یەکەمی دیموکراتی هاوشان لەگەڵ دیموکراتیە تازەکەی عێراقدا، دەبوونە فاکتەرێکی سەرەکی بە دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیچ هێزێك نەبوو ئەم ئاراستەی پێچەوانە بکاتەوە .

## دەرهاویشتە سلبیەکانی شکستی بونیادنانەوەی عێراق

ئێستا ئەمریکا رووبەرووی دەرهاوێشتە سلبیەکانی شکستی بونیادی عێراق بۆتەوە کە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین :

- هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد وەك سەرۆك کۆماری ئێران پەیامێك بوو بۆ ئەمریکا کە ئەو دەنگانەی لەئێران خوازیاری ئەوەن دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکا بکەن لاواز ترن لەو دەنگانەی دەیانەوێت رووبەرووی ئەمریکا ببنەوە .
- دوای دەست بەکاربوونی وەك سەرکۆماری ئێران ئەحمەدی نەژاد راشکاوانە بە ئەمریکای راگەیاند تەوژمی باڵادەستبوونی ئیسلامیەکان لە هەڵبژاردنەکاندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە رۆژهەڵات مۆدیلی دیموکراتی ئەمریکای ناوێت.
- لە تورکیا جارێکی دیکە عەسکەر باڵادەست بووە و توانیان مەرجی خۆیان بەسەر ئەو حکومەتە بسەپێنن، کە ئەمریکا بەنموونەی دیموکراتیەتی ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکات .
- لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق هاوسەنگیەك لە نێوان ئەو هێزو لایەنانە دروست بوو کە بانگەشە بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆری حکومەتی مەرکەزی دەکەن و توانیویانە مەترسیەکی جددی لەسەر ئایندەی عێراق دروست بکەن و ئەگەر ئەمریکا زوو چاو بەسیاسەتی خۆیدا نەخشێنێتەوە، ئەوا ئەوەشی کەماوە لەدەستی دەدات و لەو ئومێدەش دەبێت کە هەندێك چاودێر پێیان وابوو ئەمریکا دەتوانێت بە هاوشێوەی کۆریا کێشەی عێراق چارەسەر بکات و خۆی لە دووبارە بوونەوەی کارەساتی ڤێتنامێکی دیکە دووربخاتەوە .

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەر، چەندین پسپۆر و شارەزا لە سیاسەتی دەروەی ئەمریکا بەشداری ئەم راپۆرتەیان کردووە، کەئەمە بۆچوونەکانیانە .

**سەرکەوتن لە عێراقدا دەبووە هۆکاری پەرەپێدانی دیموکراتی لە تورکیا و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی عەسکەر لەو وڵاتەدا، ئەمەش رێگەی خۆشدەکرد بۆ ئەوەی تورکیا زووتر ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا و گەیاندنی سنورەکانی ئەورپا بە رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق و چارەسەری کێشەی کورد و کەمینەکانی دیکە لە تورکیا**



**پیتەر فیەڤەر- راوێژکاری تایبەتی بۆ پلانی ستراتیژی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# قاعیدە هێندەی موسڵمانی کوشتوە هێندە خەڵکی ناموسڵمانی نەکوشتوە

**پیتەر دی فیەڤەر، کە ئێستا راوێژکاری تایبەتی پلانی ستراتیژییە بۆ ریفۆرمی دامەزراوەکان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە کۆشکی سپی، پێشتر بەرێوەبەری سیاسەتی بەرگری و کۆنترۆڵی چەك بووە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرێوەبەرایەتیەکەشی ئەم بوارانەی دەگرتەوە:**

**١. سیاسەتی رێگرتن لەبڵاوبونەوەی چەکەکان.**

**٢. کۆنترۆڵی چەکی ئەتۆمی لەسەر ئاستی هەرێمی.**

**٣. پێداچوونەوەی ستراتیژییەتی ئاسایشی نیشتمانی.**

**٤. سیاسەتی بەرگری بەشێوەیەکی گشتی.**

**پێش چوونی بۆ کۆشکی فیەڤەر ئوستادی زانستی سیاسەت بووە لەزانکۆی دوك DUKE، بەرێوەبەر ئامۆژگای TISS بووە،پسپۆر تایبەتمەندیشە لەسەر دۆسێی سیاسەتی بەرگری ئەمەریکاو سیاسەتی ئەمەریکاش لەعێراقدا، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و رەنگدانەوەی لەسەر عێراق گوڵان پەیوەندنی بە راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمەریکا لە کۆشکی سپی کردو بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**



***لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لە بواری رووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، ئایا ئەو گۆڕانکاریانە چین و چۆن هەڵیاندەسەنگێنی؟**

- من پێموایە یەکێك لە گۆڕانکاریە درێژخایەنەکان ئەوەیە، حاڵی حازر ژمارەیەکی زیاتری کۆمەڵگە و دەوڵەتان و وڵاتانی جیهان لە هەوڵی بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمدان، ئەمە لە پێش روودانی ئەو کارەساتەدا بەم شێوەیە نەبوو، واتە سەرەڕای هەڵمەتە سەربازیەکان و ئاڵ و گۆڕی زانیاریە هەواڵگریەکان لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپا و چەند وڵاتێکی دیکەدا، کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکەش چالاکانەتر بەشداری ئەم هەڵمەتە دەکەن. لە دوای ئەو کارەساتەوە، پشتگیریەکی بەرفراوان لە رێکخراوی ئەلقاعیدە دەکرا لە جیهانی ئیسلامیدا، وەك پاڵەوان و پێشەنگ مامەڵە لەگەڵ ئوسامە بن لادندا دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو پشتگیریە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە و ئەستێرەی ئەم رێکخراوە خامۆش بووە. لە دەرئەنجامدا جیهانی مەدەنی لە پێگەیەکی باشتر و بەهێزتردایە لە بەرامبەر تیرۆریستاندا.

***لە دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە، جەنگێکی جیهانی دژی تێرۆر دەستی پێکرد بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەو کاتەدا سەرۆك بۆش رای گەیاند، ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا نییە دژی ئێمەیە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم جیاکردنەوەیە کاریگەری هەبووە لە سەر گۆڕینی سیاسەتی نێودەوڵەتی؟**

-من پێموایە هاوکاری و هەماهەنگی و بەشداری پڕ لە پەرۆشی وڵاتانی دیکە نەبووایە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەی دەتوانی ئەو هەڵمەتە بخاتەگەڕ و بەو شێوەیە بەرپەرچی ئەو رووداوە تیرۆریستیانە ببێتەوە.

*** رێکخراوی ئەلقاعیدە بەتەنها کاری تیرۆریستی لەناو ئەمەریکا ئەنجامنەداوە بەڵکو لەزۆر شوێنی دیکەش، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی ئەم کارە تیرۆریستیانەی ئەلقاعیدە بە دژایەتی ئیسلام بۆ رۆژئاوا دەخوێنرێتەوە؟**

-من مەسەلەکان بەو شێوەیە لێك نادەمەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندەی رێکخراوی ئەلقاعیدە موسڵمانی کوشتووە، ئەوەندە ناموسڵمانی نەکوشتووە، واتە بە پلەی یەکەم موسڵمانەکان قوربانی دەستی ئەم رێکخراوەن، هەر بۆیە ناکرێت رووداوی ٩/١١ بە شەڕی شارستانییەتی ئیسلامی لێك بدەینەوە لە دژی جیهانی رۆژئاوا. بەڵکو ئەمە شەڕ و کێشمەکێشی ناو جیهانی ئیسلامی خۆیەتی لە نێوان گروپێکی توندڕەودا کە هەوڵ دەدات تەفسیرە بەرتەسکەکانی خۆی بۆ ئاین بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. لەبەرە ئەوە من بە پێکدادانی شارستانییەتیەکانی لە قەڵەم نادە، بەڵکو بە شەڕی ناو جیهانی ئیسلامی دادەنێم. یەکێك لە گۆڕانکاریە گرنگەکان ئەوەیە هێزە میانڕەوەکانی جیهانی ئیسلامی توانیویانی هەوڵێك بدەن بۆ گومان دروستکردن لە بارەی بیر و بۆچون و تێڕوانینەکانی رێکخڕاوی ئەلقاعیدەوە، ئەمە هۆکارێکی گرنگە لە لاوازکردنی ئەم رێکخراوەدا، کاتێك لە ناو خودی جیهانی ئیسلامیەوە رووبەڕوی تەحەددی دەبێتەوە.

هەربۆیە من لەو باوەڕەدا نیم زۆربەی گەلانی جیهانی ئیسلامی رقیان لە ئەمەریکا بێت، ئەوە ئامانجی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە کە دەیەوێت تێکڕای گەل و وڵاتانی ناوچەکە دژ و دوژمنی ئەمەریکا بن، هەروەك کوردەکان و زۆرێك لە شیعەکان و سوونەکانیش کە لە ئەنجومەنەکانی سەحوەدا بەرجەستەبوون، سەلماندیان ئەوان وەك هاوپەیمانێك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڕوانن، نەك وەك دوژمن، ئەمە بۆ زۆرێك لە گەلان و دەوڵەتانی ناوچەکەش راستە کە خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانن. لەبەر ئەوە من پێموانییە پرسیاری ئەوەی» بۆچی رقیان

لێمانە»، ئەو گرنگیەکی هەبێت ئێستا، لەبەرئەوەی ئەمە کاردانەوەیەکی راستەوخۆی دوای رووداوەکان بوو کە ئەو کاتە هەندێ کەس ئەم پرسیارەیان ووروژاند.

***لە دوای ئەو رووداناەوە هاوکێشەی هێزی دیبلۆماسی گۆڕاوە بۆ دیبلۆماسیەتی هێز، ئایا تا چ رادەیەك گرتنەبەری دیبلۆماسییەتی هێز بۆتە هۆی بەهێزکردنی ئەمەریکا و تا چ رادەیەك زیانی بە ئەمەریکا گەیاندووە؟**

- راستە لە بنەڕەتدا بەرپاکردنی شەڕەکە دژی عێراق و داگیرکردنی ئەو وڵاتە و چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەو شەڕ و داگیرکاریە کاریگەری قوڵیان لەسەر میسداقیەتی و رێزی ئەمەریکا لە سەر ئاستی جیهانهەبوو، هەرچەندە ستراتیجیەتی زیادکردنی هێزەکان و سەرکەوتنی ئەو ستراتیجییەتە هەندێ لە میسداقیەت و پێگەی ئەمەریکایان گەڕاندەوە. گۆڕانکاریەکی دیکە کە هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە ئەو ستراتیجییەتەی ئێستا لە لایەن ئەمەریکاوە گیراوتەبەر تەنها بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە خۆناگرێت، بەڵکو لایەنی دیبلۆماسی و ئابووریش لە خۆدەگرێت و و تا رادەیەك ستراتیجیەتێکی هەمەلایەنە. یەکێکی دیکە لە مەسەلەکان کە کایگەری هەبووە لە سەر پێگەی نێودەوڵەتی ئەمەریکا، بەرزبونەوەی نرخی نەوتە، لەبەر ئەوەی ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی وڵاتانێك وەك ڤەنزویلا و رووسیا پتر سیاسەتێکی سەرکێشانە بگرنەبەر کە زیانی بە بەرژەوەندەییەکانی ئەمەریکا گەیاندووە.

***کورد لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە هاوکاری ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بەڵام تا ئێستا وەك پێویست لە لایەن ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پشتگیری لێ نەکراوە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من پێموایە پشتگیریەکی زۆر لە کوردەکان کراوە، وەبەرهێنان وسەرمایەگوزاریەکی نێودەوڵەتی هەیە لە کوردستاندا، ئەمەریکا پەیوەندیگەلێکی دۆستانە و دوردرێژی هەیە لەگەڵ کوردەکاندا. زۆرێك لە ئەمەریکییەکان پێیان وایە بەرژەوەندیە درێژخایەنەکانی کوردەکان لە بوونی هەرێمێکی ئارام و سەقامگیردایە، ئەو ئارامی و سەقامگیریەش بە جیابوونەوە و جاڕدانی سەربەخۆیی نایەتەدی، لەبەرئەوەی دەرئەنجامی ئەو بڕیارە زۆر مەترسیدار دەبێت و توندوتیژیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوە باشترین رێگاچارە بۆ کوردەکان مانەوەیانە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا کە مافی کەمینەکانی تێدا پارێزراو بێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی کوردەکانە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی راکێشانی سەرمایەگوزاری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمەکەیان، لە بڕی ئەوەی لە شەڕێکی هەمیشەییدا بن لەگەڵ تورکیا، ئێران عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، ئەوە دەبێتە کابوسێك بۆ کوردستان.



●●●

**جیهانی مەدەنی لە پێگەیەکی باشتر و بەهێزتردایە لە بەرامبەر تیرۆریستاندا**

●●●

●●●

**ناکرێت رووداوی ٩/١١ بە شەڕی شارستانییەتی ئیسلامی لێک بدەینەوە لە دژی جیهانی رۆژئاوا. بەڵکو ئەمە شەڕ و کێشمەکێشی ناو جیهانی ئیسلامی خۆیەتی لە نێوان گروپێکی توندڕەودا کە هەوڵ دەدات تەفسیرە بەرتەسکەکانی خۆی بۆ ئاین بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. لەبەرە ئەوە من بە پێکدادانی شارستانییەتیەکانی لە قەڵەم نادەم، بەڵکو بە شەڕی ناو جیهانی ئیسلامی دادەنێم**

●●●

●●●

**یەکێکی دیکە لە مەسەلەکان کە کایگەری هەبووە لە سەر پێگەی نێودەوڵەتی ئەمەریکا، بەرزبونەوەی نرخی نەوتە، لەبەر ئەوەی ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی وڵاتانێک وەک ڤەنزویلا و رووسیا پتر سیاسەتێکی سەرکێشانە بگرنەبەر کە زیانی بە بەرژەوەندەییەکانی ئەمەریکا گەیاندووە**

●●●

پرۆفیسۆر ئیدوار ۆڵکەر، کە یەکێکە لەو پسپۆڕ و تایبەتمەندانەی لە نزیکەوە کاری لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کردووە، بەتایبەتی لە سەر هەردوو دۆسیێ سۆڤیەتی پێشان و بەراوردکردنی دامەزراوەکانی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ روسیای ئێستا، هەروەها کاری لەسەر دۆسیێ عێراق و شەڕی دژە تیرۆریش کردووە.
ۆڵکەر یەکێکە لەو ناوە دیارانەی ئەمەریکا کە بەردەوام بە دوای چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەکان دەگەڕێت و چارەسەری دبلۆماتیش لە چارەسەری سەربازی بە باشتر دادەنێت، هەربۆیە لە دیراسەتەکانی لەسەر دەوڵەتانی سۆڤیەتی پێشوو و هەروەها کێشە هاوشێوەکانی وەك کێشەی عێراق، بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە کێشە ئەتنی و نەتەوەییەکان چارەسەر بکرێت ئەوجا چارەسەری ئەم کێشانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدابێت یان وابخوازێت جیاببنەوە و سەربەخۆبن. بۆ هەڵسەنگاندنی جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەر چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئیدارەی سەرۆك بوش لە دوای ئەم رووداوە و بە حکومی ئەوەی تەنها ئیدارەی ئەمەریکییە مامەڵەی لەگەڵ ئەم رووداوە کردبێت، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر ئیدوارد ۆڵکەر کرد و بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

### ئیدوارد ۆڵکەر پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا زۆر لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی شەڕی سارد



### جیهانێکی ناسەقامگیرتر و مەترسیدار هاتۆتە ئاراوە

*** حەوت ساڵ بە سەر کارەساتی ١١ی سێپتەمبەردا تێدەپەڕێت، ئایا جیهانی دوای ئەو کارەساتە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئایا ئەو گۆڕانکاریانە چی بوون کە لەگەڵ خۆیدا هێنای؟**

- ئەوە پرسیارێکی گەورەیە، من پێم وایە جیهانێکی پتر ناسەقامگیر هاتۆتە ئاراوە دوای ئەو رووداوانە، هەروەها وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی گشتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی تایبەتی زیاتر نیگەرانن لە ئاست هەڕەشە و مەترسی تیرۆریزمدا. کەواتە جیهانێکی ناسەقامگیرتر و مەترسیدار هاتۆتە ئاراوە.
من پێم وایە چۆنییەتی بەرپاکردن و بەڕێوبردنی ئەو شەڕەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دژی تیرۆر هەڵیگیرساند، ئەو قەناعەتەی لای زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی دروست کرد کە ئەمەریکا بێ رەچاوکردنی یاسای نێودەوڵەتی و نەریتەکانی رەفتاری نێودەوڵەتی کاردەکات و تەنانەت یاسا و رێساکانی خودی وڵاتەکەی خۆشی لەبەرچاو ناگرێت. هەروەها من پێم وایە جیهانی دوای ٩/١١ زیاتر بۆتە جێی مەترسی لە ئەنجامی بەرپاکردنی ئەم شەڕەوە.

### هەتا ئێستا شەڕی دژە تیرۆر بەهەڵە بەڕێوە دەبرێت

***پێت وایە ئیدارەی داهاتوی ئەمەریکا درێژە بەم شەڕەی ئێستا دەدات کە لە دژی تیرۆر بەرپا کراوە؟**

- ئەگەر سیناتۆر جۆن مەککاین لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا، ئەوا بە هەمان شێوە و وەك ئەوەی ئێستا هەیە درێژە بەم شەڕە دەدات، بەڵام دڵنیانیم لەوەی باراك ئۆباما بە چ شێوەیەك رەفتار دەکات ئەگەر هاتوو بە سەرۆك هەڵبژێردرا. کێشەکە ئەوەیە تا ئێستا ئەم شەڕە بە رێگەیەکی زۆر نادروست درێژەی پێدراوە و ئیدارەی داهاتوو رووبەڕووی دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی بە تێڕوانینی من لە بنەڕەتدا شەڕی دژە تیرۆر شەڕێکی سیاسییە، راستە لایەنی سەربازی و پۆلیسیش لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە جەوهەردا شەڕێکی سیاسییە، کە من پێم وانیە تا ئێستا ئەم راستییە لەبەرچاوگیرابێت. من پێم وایە ئۆباما کەسێکی بەرژوەندخوازە «پراگماتیکە» و لێکدانەوەی من بۆ هەڵوێستی ئەو ئەوەیە، هەوڵ دەدات بە زوترین کات هێزەکان لە عێراقدا پاشەکشە پێ بکات، ئەگەر ئەمە شتێکی عەمەلی بوو. بەڵام چی دەبێت ئەگەر توندوتیژی لە عێراقدا هەڵکشا، من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم ئۆباما چ هەڵوێستێکی دەبێت.

### ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لەوە تێناگات بۆچی بەشی زۆری دەوڵەتانی ئیسلامی رقیان لێمانە؟

*** لە دوای ئەو کارەساتەوە ئەو پرسیارە لە لایەن خەڵکی ئەمەریکاوە کرا، کە « بۆچی رقیان لێمانە»، ئایا پێت وایە دوای حەوت ساڵ لەو رووداوانە ئیدارەی ئەمەریکا وەڵامی ئەم پرسیارەی دۆزیبێتەوە؟**

- ئەگەر باس لە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بکەین، ئەوا بە تێڕوانینی من ئەم ئیدارەیە لەوە تێناگات، یاخود بایەخ بەوە نادات بۆچی زۆرێك لە گەلانی وڵاتە موسڵمانەکان، ناڵێم هەموویان، رقیان لە ئەمەریکا و بە تایبەتی رقیان لە رەفتارەکانی ئەمەریکایە، ئەوەی پەیوەندی بە رای گشتی ئەمەریکاوە هەبێت، ئەوا مەسەلەکە جیاوازە، لەبەر ئەوەی رای گشتی ئەمەریکا ئاگاداری ئەوە نییە گەلانی جیهان بە چ شێوەیەك بیر لە ئەمەریکا دەکەنەوە چۆن لێی دەڕوانن، هەرچەندە ئێستا تا رادەیەك ئەمە گۆڕاوە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە خەڵکی ئەمەریکا درك بەوە دەکەن شەڕی ئەمەریکا لە عێراقدا مایەی کارەسات بووە، هەروەها هۆشیارە بەوەی لە ئەفغانستاندا روودەدات. لە دەرئەنجامدا شەعبیەتی ئیدارەی بوش تا دوا رادە دابەزیوە.

*** ١٠ ساڵێك پێش ئەو رووداوانە ساموئیل هانتگتۆن، باسی لە پێکدادانی شارستانیەتیەکان کرد، باسی لە رووبەڕووبوونەوەی نێوان شارستانییەتی ئیسلام و رۆژئاوا کرد، ئایا لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- لە راستیدا ئەوە لێکدانەوەی هانتگتۆن نیە، ئەوەی ئەو رایگەیاند ئەوەبوو ئەو شوێنانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ناکۆکیان تێدا سەرهەڵبدات لە سەدەی بیست و یەکدا ئەو ناوچانەن کە ئەو پێی وابوو شارستانیەتییەکان رووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵ یەکدا، یاخود کارلێك دەکەن لەگەڵ یەکدا،

ئەو پێشبینی شەڕێکی سەرتاسەری نەکردوە لە گەڵ نێوان شارستانیەتی ئیسلامی و شارستانیەتی مەسیحی. زۆرێك لە ئەکادیمییەکان ئەمەریکا و رۆژئاوا ناکۆکییەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ لێکدانەوەکانی هانتگتۆندا. کتێبەکەی هانتگتۆن بایەخ و سەرنجێکی زۆری بە لای خۆیدا کێشکرد، ئەوەش جێی داخە، لەبەر ئەوەی قەناعەتی بە خەڵکانێکی زۆر کرد شارستانیەتی مەسیحی لە شەڕێکی هەمیشەییدا لەگەڵ ئیسلامدا. راستە هەندێ لە توندڕەوە مەسیحیەکان، توندڕەوە ئاینیەکان بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، بەڵام ئەوان کەمینەیەکی بچوکن. هەروەها زۆرێك لە موسڵمانەکانیش بەرهەڵستی ئەو لێکدانەوەیان کردووە.

*** هەمیشە ئەو شۆڕشانەی لە لایەن گەلی کوردەوە بەرپاکراون، نەك هەر پەنایان بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان نەبردووە، بەڵکو هەمیشە لە بەرەی شەڕی دژە تیرۆریشدا بوونە، بۆ نموونە لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە هاوکاری ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بەڵام تا ئێستا وەك پێویست لە لایەن ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پشتگیری لێ نەکراوە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ئەوەندەی من تێگەیشتبم ئەوەیە ئیدارەی ئەمەریکا پشتگیری کوردستانی عێراق دەکات، من لەو باوەڕەدانیم وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا رێگە بە حکومەتی مەرکەزی بەغدا بدات بۆ ئەوەی کارێك بکات ببێتە هۆی لاوازکردنێکی بەرچاوی ئەو ئۆتۆنۆمییەی لە کوردستانی عێراقدا هەیە. بۆ نموونە، ئەمەریکا پێداگیری لەسەر ئەوە ناکات سوپای عێراق بە زەبری هێز بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بسەپێنێت بەسەر کوردستاندا، جێی سەرسوڕمان دەبێت، ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا پێداگیری لەسەر ئەمە بکات، یاخود رێی پێبدات. رەنگە بوونێکی رەمزیانەی حکومەتی عێراق لەو هەرێمەدا بەس بێت.

*** لە دوای ئەو رووداناوە هاوکێشەی هێزی دیبلۆماسی گۆڕاوە بۆ دیبلۆماسییەتی هێز، ئایا تا چ رادەیەك گرتنەبەری دیبلۆماسییەتی هێز بۆتە هۆی بەهێزکردنی ئەمەریکا و تا چ رادەیەك زیانی بە ئەمەریکا گەیاندووە؟**

- موبالەغەیەکی زۆر کرا لە بارەی هێزی سەربازی ئەمەریکاوە لە دوای کۆتای شەڕی ساردەوە، لەبەر ئەوەی توانای بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە لایەن ئەمەریکاوە لەوە سنووردارتر بوو کە باس دەکرا، واتە ئەو لێکدانەوەیەی کە ئەمەریکا خاوەنی هێزێکی باڵا و بێ رکابەرە و دەتوانێت هەر شتێکی بخوازێت بیهێنێتەدی، لە لایەك هەڵەبوو، هەروەك لە شەڕی ئەفغانستان و عێراقدا دەرکەوت، لە لایەکی دیکەوە مەترسیداربوو، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ئەمەریکییەکان پێیان وابوو دەتوانن هەر کارێك بکەن کە خواستیان لەسەری بێت. راستە ئەمەریکا بەهێزترین دەوڵەتی جیهانە لە رووی هێزی سەربازییەوە، بەڵام ئەمە لە رۆژگاری تەکنەلۆجیادا ئەو گروپ و لایەنانە سوودیان لێ وەرگرتووە کە سەر بە دەوڵەتێکی دیاری کراو نین، بۆتە هۆی کەمکردنەوە لە کاریگەری ئەو هێزە. لە زۆر رووەوە گرنگترین هێزی ئەمەریکا بریتی بووە لەوەی پێی دەڵێن «هێزی نەرم» مەبەست لە کاریگەری بەها و کەلتوری ئەمەریکایە لە جیهاندا، لە دەرئەنجامدا ئەم هێزەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- لە ئەنجامی موبالەغەکردن لە بوونی هێزێکی سەربازی گەورە- بە شێوەیەکی گرنگ لاواز بووە بە درێژای هەشت ساڵی رابردو. گەورەترین کێشە کە رووبەڕووی هێزی سەربازی ئێمە بۆتەوە، بریتییە لەوەی تا رادەیەك ناکاریگەرە، لە دەرئەنجامدا ئەمەریکا زۆر لاوازترە بە بەراورد بە سەردەمی شەڕی سارد و بە رۆژگاری کۆتایی هاتنی شەڕی سارد.



●●●

**ئەمەریکا بێ رەچاوکردنی یاسای نێودەوڵەتی و نەریتەکانی رەفتاری نێودەوڵەتی کاردەکات و تەنانەت یاسا و رێساکانی خودی وڵاتەکەی خۆشی لەبەرچاو ناگرێت**

●●●

●●●

**لە بنەڕەتدا شەڕی دژە تیرۆر شەڕێکی سیاسییە، راستە لایەنی سەربازی و پۆلیسیش لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە جەوهەردا شەڕێکی سیاسییە، کە من پێم وانیە تا ئێستا ئەم راستییە لەبەرچاوگیرابێت**

●●●

●●●

**ئەمەریکا پێداگیری لەسەر ئەوە ناکات سوپای عێراق بە زەبری هێز بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بسەپێنێت بەسەر کوردستاندا**

●●●

●●●

**راستە ئەمەریکا بەهێزترین دەوڵەتی جیهانە لە رووی هێزی سەربازییەوە، بەڵام ئەمە لە رۆژگاری تەکنەلۆجیادا ئەو گروپ و لایەنانە سوودیان لێ وەرگرتووە کە سەر بە دەوڵەتێکی دیاری کراو نین، بۆتە هۆی کەمکردنەوە لە کاریگەری ئەو هێزە**

●●●

### دانیاڵ هاملتۆن بەڕێوەبەری سەنتەری ترانس ئەتلەنتیک بۆ گوڵان:

# دەبێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە هەوڵی هێنانەدی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بدەین

**دانیاڵ هامیلتۆن، بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییەکانی ترانس ئەتڵەنتیکە و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دیراساتی هاوبەشە لەسەر دیراساتی یەکێتی ئەوروپا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر ئەوروپای رۆژهەڵات، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیای مەزن، ئیتالیا، رووسیا و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، تایبەتمەندیشی لەسەر ئەم وڵاتانە لەم بوارانەدایە: (سیاسەتی ئابووری ئەمەریکا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا. سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی چەك و چەك داماڵینی یەکێتی ئەوروپا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ترانس ئەتڵەنتیك، دیموکراسی بونیادی نەتەوە، ستراتیژییەت و هێزی سەربازی...هتد) ئەم شارەزاییە بەرفراوانەی هامیلتۆن لە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەردوو بواری ئەتلەسی، دیدێکی فراوانی پێبەخشیوە هەربۆیە کە باس دێتە سەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئەو زۆر راشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەك هەر کورد بەڵکو زۆر نەتەوەی دیکەش نەیتوانیوە لەو سنورە دەستکردانە بژین کە بەزۆر بەسەریاندا سەپاندون، بۆئەمەش پێشنیار دەکات دەبێت هەوڵبدرێت کورد لەو سنورە دەستکردانە رزگاریان بکرێت و بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەوڵەتیان بۆ دروستبکرێت. سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەشی ١١ی سیپتەمبەر هێناویەتە ئاراوە هامیلتۆن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.**



***کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و گواستنەوەی راستەوخۆی لە میدیاکانەوە روویەکی دیکەی جیهانگیری بوو، ئایا بەرای تۆ ئەمە رووە خراپەکەی جیهانگیری نەبوو؟**

- جیهانگیری دەرئەنجامی باش و خراپی لە گەڵ خۆیدا هێناوە، لە لایەك بۆتە هۆی خۆشگوزەرانکردنی ژمارەیەکی زیاتر خەڵك لە جیهاندا، ژمارەیەکی زیاتر لە هەژاری رزگاریان بووە، ئەمانە هەموو رەهەندی ئیجابی بەجیهانیبوونن، بەڵام رەهەندی سلبیشی هەیە، لەبەر ئەوەی بۆتە هۆی بەهێزکردنی کەسانێك و گروپگەلێکی دیاری کراو بۆ ئەوەی لە دەرەوەی سنوورە تەقلیدییەکان هەڵبستن بە ئەنجامدانی توندوتیژی و تەحەدداکردنی دەوڵەتان بە چەشنێك لە رابردوودا هەرگیز ئەمە پێشبینی نەدەکرا. بەو پێیە لە لایەکەوە بۆتە هۆی بەرەوپێشبردن و باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی خەڵك، لە لایەکی دیکەوە ئەو خەڵکە زیاتر ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت دووچاری هەڕەشە و مەترسی ببنەوە.

### دەبێت لە شەڕی دژە تیرۆردا ستراتیژییەتێکی جیاواز بگرینە بەر

***بەڵام سەرۆك بۆش بە پێچەوانەی رەوتی جیهانگیرییەوە لە دوای ١١ی سیپتەمبەر جیهانی دابەشکرد، ئایا پێت وایە ئەمە تووڕە بوون بوو لە دیاردە سلبییەکانی جیهانگیری؟**

- ئەوە لێکدانەوە و تێڕوانینی ئیدارەی سەرۆك بۆشە و من هاوڕانیم لە گەڵیدا و لەو باوەڕدام زۆرێك لە هاوڵاتیانی ئەمەریکاش هاوڕانین لە گەڵیدا، ئێوە دەزانن حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرقاڵە بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە، گەلی ئەمەریکاش دابەشبووە لە ئاست ئەو ستراتیجییەتەی سەرۆك بۆش گرتیەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بۆ نموونە، سیناتۆر ئۆباما رای گەیاند شەڕی تیرۆر بە داگیرکردنی عێراق ناکرێت، ئەوە چارەسەر نییە، لەبەر ئەوەی دوو شتی جیاوازن. بە تێڕوانینی من دەبێت ستراتیجییەتێکی جیاوازتر بگرینەبەر، دەبێت ئەوە دەستنیشان بکەین، تیرۆریستان کێن و ئامانجەکانیان چییە، ئەمە هەڵمەتێکی بەربڵاوە و تەنها بە شەڕ و رووبەڕووبونەوەی سەربازی ناکرێت، کەس نکۆڵی لەوە ناکات دەبێت بەرەنگاری تیرۆریستان ببینەوە، بەڵام من پێم وایە ئەو ستراتیجییەتەی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا گرتویەتیەبەر ستراتیجییەتێکی هەڵەیە.

***چەند ساڵێك پێش ئەو رووداوانە ساموئیل هانتگتۆن، باسی لە پێکدادانی شارستانیەتییەکان کرد، باسی لە رووبەڕوونەوەی نێوان شارستانیەتی ئیسلام و رۆژئاوا کرد، ئایا لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

-من پێم وایە پێکدادان و ناکۆکی لە چوارچێوەی شارستانیەتێکدا هەیە و ئەم ناکۆکی و کێشمەکێشە دەپەڕێتەوە بۆ شارستانیەتییەکانی دیکە _ئەگەر چەمکی شارستانی بەکاری بهێنین-مەسەلەکە ئەوە نیە ناکۆکی و رووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەت یان جولەکەدا هەبێت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە لە نێو هەر ئاینێکدا، کەسانێك هەن باوەڕیان بە لێبوردەیی و پێکەوەژیان و کراوەنەوە هەیە بە رووی ئایین و بیروبۆچوونەکانی دیکەدا، لە هەمان کاتدا کەسانێکیش هەن کە باوەڕیان بە داخران و توندوتیژی و شەڕ و رووبەڕووبوونەوە هەیە، بۆ نموونە ئەو توندوتیژی و ئاڵۆزییەی لە نێوان گروپەکانی جیهانی ئیسلامیدا هەیە ئەوەندە توندو هەڵکشاوە کە هەندێ جار دەپەڕێتەوە بۆ جیهانی دەرەوەی جیهانی ئیسلامی و ئەوانیش تێوە دەگلێنێت، ئەمە بەو مانایە نایەت هێزەکانی دەرەوەی جیهانی ئیسلامی لەو ناکۆکییەوە تێوەنەگلاون، بەڵکو پێکدادان و ناکۆکییەکە پتر لە ناو جیهانی ئیسلامیدایە، نەك لە نێوان شارستانییەتی ئیسلامی و شارستانییەتیەکانی دیکەدا.

***پێش رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، هەردوو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و هێمن بە بەربەستێك بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی ئەمەریکا دادەنران، بەڵام تیرۆریستەکانی ئەو رۆژە ئەم بەربەستەیان بڕی، ئایا ئەم رووداوە تا چەند هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەی ئەمەریکای زیاتر کردووە؟**

-ئەوە راستە رای گشتی ئەمەریکا _ راست بوبێت یان هەڵە_ باوەڕی وابوو ئەمەریکا بە هۆی ئەو دوو ئۆقیانوسەوە پارێزراوە و هەر رووداو و ناکۆکییەك رووبدات دوور لە ئەمەریکا ولە شوێنەکانی دیکەدا روودەدات، بەڵام کاتێك لە سەر خاکی ئەمەریکا ئەو کردەوە تیرۆریستیانە روویدا، ئەمە تەحەددایەکە بۆ ئەو لێکدانەوە و تێڕوانینە. لەو رۆژە بە دواوە ئەمەریکییەکان درکیان بەو راستییە کرد کە ئەوەی لە دەرەوەی ئەمەریکا

ڕووده‌دات کاریگه‌ریه‌کی ڕاستوخۆی هه‌یه بۆ سه‌ر هه‌لومه‌رج و ژیانی ناوخۆی ئه‌مه‌ریکا، له ده‌رئه‌نجامدا پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی ئه‌مه‌ریکا گرێدرایه‌وه به‌و سیاسه‌ته ده‌ره‌کییه‌ی ئه‌مه‌ریکا ده‌یگرێته‌به‌ر. هه‌ربۆیه من پێم وایه به شێوه‌یه‌کی بنه‌ڕه‌تی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا هه‌ڵه‌بووه له ماوه‌ی چه‌ند ساڵی ڕابردودا که له لایه‌ن ئیداره‌ی ئێستای ئه‌مه‌ریکا گیراوه‌ته‌به‌ر، که من پشتگیری ئه‌و سیاسه‌تانه ناکه‌م.

***ئایا ئه‌گه‌ری ئه‌وه هه‌یه تێکڕای جیهان به جیهانی ئیسلامیشه‌وه له سه‌ر پێناسه‌یه‌کی دیاری کراو بۆ ده‌سته‌واژه‌ی تیرۆریزم ڕێك بکه‌ون؟**

- نه‌خێر، باوه‌ڕ ناکه‌م هه‌رگیز بگه‌نه ڕێککه‌وتن. نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانی هه‌وڵێکی خستۆته‌گه‌ڕ له‌و باره‌یه‌وه که چه‌ند ده‌یه‌یه‌کی خایاندووه، ئه‌م ڕێکخراوه، مه‌به‌ست له نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانه، چه‌ندین په‌یماننامه و ڕێککه‌وتنامه‌ی هه‌یه بۆ دژایه‌تیکردنی تیرۆر که له لایه‌ن زۆرێك له وڵاتانه‌وه ئیمزا کراون، به‌ڵام تا ئێستا نه‌یانتوانیوه له سه‌ر ئه‌وه ڕێك بکه‌ون له ڕووی یاساییه‌وه ده‌سته‌واژه‌ی تیرۆر چی ده‌گه‌یه‌نێت.

***له دوای ئه‌و ڕووداوانه‌وه هاوکێشه‌ی هێزی دیبلۆماسی گۆڕاوه بۆ دیبلۆماسییه‌تی هێز، ئایا تا چ ڕاده‌یه‌ك گرتنه‌به‌ری دیبلۆماسییه‌تی هێز بۆته هۆی به‌هێزکردنی ئه‌مه‌ریکا و تا چ ڕاده‌یه‌ك زیانی به ئه‌مه‌ریکا گه‌یاندووه؟**

- ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستتان له‌و کار و کرده‌وانه‌یه که ئیداره‌ی سه‌رۆك بۆش له ماوه‌ی چه‌ند ساڵی ڕابردوودا ئه‌نجامی داون، ئه‌وا زیانێکی زۆر گه‌وره‌یان به وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا گه‌یاندووه. له دوای جه‌نگی جیهانی دووه‌مه‌وه له ساڵی ١٩٤٥دا ئه‌مه‌ریکا به به‌راورد به ده‌وڵه‌تانی دیکه گه‌وره‌ترین هێزی هه‌بوو له جیهاندا، به‌ڵام له بری ئه‌وه‌ی ئه‌و هێزه بۆ ناچارکردنی ئه‌وانی دیکه به‌کاربهێنێت بۆ خولْقاندنی ئه‌و جیهانه‌ی خۆی ده‌یخواست، ئه‌وا هه‌ڵسا به بیناتنانی هاوپه‌یمانێتی و خستنه‌گه‌ڕی پرۆژه‌ی مارشاڵ و نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان و ڕێکخراوی ناتۆ و چه‌ند دامه‌زراوه‌یه‌کی دیکه‌ی دروست کرد، هه‌روه‌ها یارمه‌تی پێکهێنانی یه‌کێتی ئه‌وروپای دا، واته ئه‌و هێزه به شێوه‌یه‌کی زۆر جیاوازتر به‌کار هێنان له ڕێی دیبلۆماسی و ئابووری و لایه‌نه‌کانی دیکه‌وه، ئه‌و هێزی دیبلۆماسییه‌ت بوو. ئه‌مه‌ریکا له ساته‌وه‌ختێکدایه که ده‌توانێت ئه‌و هێزه‌ی ئێستا هه‌یه‌تی به هه‌مان شێوه به‌کاری بهێنێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هێشتا ده‌وڵه‌تێکی گه‌وره و به‌هێزه، نه‌ك ته‌نها له ڕووی سه‌ربازییه‌وه، به‌ڵکو له ڕووی ئه‌و به‌هایانه‌شه‌وه که کۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌مه‌ریکی هه‌ڵگریانه و باوه‌ڕی پێیانه.

***هه‌میشه ئه‌و شۆڕشانه‌ی له لایه‌ن گه‌لی کورده‌وه به‌رپاکراون، نه‌ك هه‌ر په‌نایان بۆ کرده‌وه تیرۆریستییه‌کان نه‌بردووه، به‌ڵکو هه‌میشه له به‌ره‌ی شه‌ڕی دژه تیرۆریشدا بوونه، بۆ نموونه له دوای ١١ی سێپته‌مبه‌ره‌وه هاوکاری ئه‌مه‌ریکا و کۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی کردووه له به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی تیرۆریزم، به‌ڵام تا ئێستا وه‌ك پێویست له لایه‌ن ئه‌مه‌ریکا و کۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تییه‌وه پشتگیری لێ نه‌کراوه، هۆکاری ئه‌مه بۆچی ده‌گه‌ڕێنیته‌وه؟**

- زۆرجار کێشه‌ی ئه‌وه هه‌یه خه‌ڵکێکی دیاری کراو له‌گه‌ڵ ئه‌و سنوورانه‌دا ناگونجێن که له چوارچێوه‌یدا ده‌ژین، ئایا چاره‌سه‌رکردنی ئه‌م حاڵه‌ته چۆن ده‌کرێت، به‌وه ده‌کرێت خه‌ڵکی له چوارچێوه‌ی ئه‌و سنووردانه‌دا ڕزگاربکه‌ین، یاخود هه‌ڵبستین به ده‌ستکاری کردنی سنووره‌کان، یاخود ڕێگاچاره‌یه‌ك بۆ پێکه‌وه‌ژیانی ئه‌و خه‌ڵکه جیاوازانه بدۆزینه‌وه. ئێمه له ساڵانی نه‌وه‌ته‌کانی سه‌ده‌ی ڕابردوودا له ناوچه‌ی به‌لقان دووچاری هه‌مان کێشه بووینه‌وه، خه‌ڵکه‌که له گه‌ڵ ئه‌و سنوورانه‌دا نه‌ده‌گونجان که تێیدا ده‌ژیان، له ده‌رئه‌نجامدا کاره‌ساتێکی مرۆیی گه‌وره‌ی لێکه‌وته‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئێمه نه‌مان توانی به شێوه‌یه‌کی ئاشتیانه ئه‌و کێشانه چاره‌سه‌ربکه‌ین. ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی به کورده‌کانه‌وه هه‌بێت ئه‌وا ئه‌وان به‌سه‌ر چه‌ند ده‌وڵه‌تێکدا دابه‌ش بوونه، ئه‌گه‌ر خوازیاری ئه‌وه‌بن ده‌وڵه‌تی خۆیان پێك بهێنن، ئه‌وا ده‌بێت به شێوه‌یه‌کی ئاشتیانه هه‌وڵی هێنانه‌دی ئه‌م ئامانجه بده‌ن، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌دیله‌که شه‌ڕ و خوێنڕێژی و کاره‌سات ده‌بێت.

زۆرجار کێشه و کاره‌ساته‌کان بۆ هه‌وڵی گروپێکی دیاری کراو ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ملکه‌چیکردن و سه‌رکوتکردنی گروپێکی دیکه، که زۆرجار ڕێگاچاره‌ی گونجاو هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی بیگرنه‌به‌ر بۆ ئه‌وه‌ی به ئاشتیان پێکه‌وه بژین.



●●●
**جیهانگیری ده‌رئه‌نجامی باش و خراپی له گه‌ڵ خۆیدا هێناوه، له لایه‌ك بۆته هۆی خۆشگوزه‌رانکردنی ژماره‌یه‌کی زیاتر خه‌ڵك له جیهاندا، ڕه‌هه‌ندی سلبیشی هه‌یه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بۆته هۆی به‌هێزکردنی که‌سانێك و گروپگه‌لێکی دیاری کراو بۆ ئه‌وه‌ی له ده‌ره‌وه‌ی سنووره ته‌قلیدییه‌کان هه‌ڵبستن به ئه‌نجامدانی توندوتیژی**
●●●

●●●
**پێکدادان و ناکۆکییه‌که پتر له ناو جیهانی ئیسلامیدایه، نه‌ک له نێوان شارستانییه‌تی ئیسلامی و شارستانییه‌تیه‌کانی دیکه‌دا**
●●●

●●●
**به شێوه‌یه‌کی بنه‌ڕه‌تی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا هه‌ڵه‌بووه له ماوه‌ی چه‌ند ساڵی ڕابردودا که له لایه‌ن ئیداره‌ی ئێستای ئه‌مه‌ریکا گیراوه‌ته‌به‌ر**
●●●

## فردریک براون دبلۆمات و پسپۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ١١ی سێپتەمبەر بووە هۆکاری ئەوەی گروپە تیرۆریستییە ئاینییەکان زیاتر بیت

**فردریک زێت براون کە ماوەی ٢٦ ساڵ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاریکردووە یەکێکە لەو دبلۆماتانەی لەم وڵاتانە کاریکردووە: (فەرەنسا، یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، تایلەند، ڤێتنام) هەروەها بەڕێوەبەری بیرۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاش بووە لەم وڵاتانە(مینیمار، کەمبۆدیا، ئەندەنوسیا، لاوس، مالیزیا، سەنگافورە، ڤێتنام) هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەناتیش بووە و بەرپرسی دۆسیێ رۆژهەڵاتی ئاسیا و پاسفیك بووە)**
**وەك پسپۆڕیش تایبەتمەندە لەسەر وڵاتانی کەمبۆدیا و ئەندەنوسیاو مالیزیاو فلیپین و تایلاند و ڤێتنام)،**
**پرۆفیسۆر فردریك زۆر بەوردی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا شارەزایە و سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەشی کە ١١ی سێپتەمبەر لەگەڵ خۆی هێناویەتی، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



***ئەو گۆڕانکاریانە چین ١١ی سێپتەمبەر لەگەڵ خۆی هێنای؟**
-گۆڕانکاری زۆری لە گەڵ خۆیدا هێناوە، بۆ نموونە سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستییە ئاینییەکان لە سەرانسەری جیهاندا، کە کێشە و گرفتیان بۆ تێکڕای وڵاتانی جیهان دروست کردووە، بۆ نموونە هیندوستان و چین و بەدڵنیاییەوە دەوڵەتە عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەواتە ئەوە زەقترین دەرئەنجامی ئەو ڕووداوانەیە.

### لەشەڕی دژەتیرۆردا سەرۆک بوش واقیع بین نەبوو

***لەدوای ١١ی سێپتەمبەر ئەمەریکا جیهانی دابەشکرد بۆ دووبەرە بەرەی دژە تیرۆرو بەرەی تیرۆر ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم جیاکردنەوەیە کاریگەری هەبووە لە سەر گۆڕینی سیاسەتی نێودەوڵەتی؟**
من پێم وایە سەرۆك بوش هەڵوێستێکی نارەوای لە ئاست هەوڵ و هاوپەیمانێتی وڵاتانی دیکە گرتەبەر بۆ دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و سەرۆك بوش هەل و مەرجی ڕاستەقینەی سەر ئەرزی واقیعی لەبەرچاو نەگرت لەو هەڵوێستەیدا.

### ئیسلام خۆی هەڕەشەی باڵە توندڕەو و ڕادیکاڵەکانی ئاینی لەسەرە

***بەڵام ١١ی سێپتەمبەر وێنەیەکی دیکەی بەرجەستەکرد وەك ئەوەی دەبینرا، ئەمە شەڕی جیهانی ئیسلامییە لەگەڵ رۆژئاوا، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەو بۆچوونە دەکەن؟**
-من پێم وانییە تێکڕای جیهانی ئیسلامی دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بێت، ئیسلام خۆی هەڕەشەی باڵە توندڕەو و ڕادیکاڵەکانی ئاینی لەسەرە، کەواتە ئەوە هەڵەیە باس لە جیهانی ئیسلامی بکەین دژی جیهانی ڕۆژئاوا، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی هاوڕانیین لە گەڵ کردەوەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە گروپە توندڕەوەکاندا و هاوئامانج نیین لە گەڵیاندا، چونکە بە هەمان شێوەی ئەمەریکا ئەم وڵاتانەش دووچاری هەڕەشە و مەترسی ئەم گروپانە بوونەتەوە. لەبەر ئەوە ئەمە وەسفکردنێکی هەڵەیە ئەگەر بڵێین دوژمنایەتی و پێکدادان لە نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوادا هەیە.

***بەڵام گەلی ئەمەریکا خۆی ئەو پرسیارەی وروژاند بۆچی جیهانی ئیسلامی رقی لە ئەمەریکایە؟**
-من لە گەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا هاوڕانیم تێکڕای گەلانی ناوچەکە ڕقیان لە ئەمەریکایە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئیختیار بدەیتە دەست زۆرێك لە خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەوەی لە ئەمەریکادا بژین، ئەوا زۆر بە خۆشحاڵی و ئاسودەییەوە قبوڵی دەکەن، ڕاستە هەندێ کەسایەتی و گروپی دیاری کراو ڕقیان لە ئەمەریکایە، بەڵام ئەوە هەڵەیە دەرئەنجامی ئەوە بکەین و بڵێین تێکڕای خەڵکی ئەفغانستان، یان ئێران یاخود عێراق ڕقیان لە ئەمەریکایە، بە پێچەوانەوە زۆرێك لە خەڵکی وڵاتێکی وەك ئێران تێڕوانینێکی ئیجابی و دۆستانەیان هەیە بەرامبەر ئەمەریکا، ئەوا تەنها سەرکردەکانی ئەو وڵاتەن دژایەتی ئەمەریکا دەکەن.

### کێشەی کوردستان کێشەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە

***کورد خۆی بەدۆستی ئەمەریکا دەزانێت و هاوپەنیشە لەشەڕی دژە تیرۆر، بەڵام ئەمەریکا بەجددی مامەڵە لەگەڵ کێشەی ئەم دۆست و هاوپەیمانەی ناکات، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**
-کێشەی کوردستان کێشەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە بە تایبەتی لەبەر ئەوەی دەرئەنجام و کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا نیشتەجێیە، لەبەر ئەوە دەبێت ڕاوبۆچوون ئەو دەوڵەتانە ڕەچاو بکرێت لە مەسەلەی مامەڵەکردن لە گەڵ کێشەی کورددا، هەروەها دەبێت ئەو کێشانەش لەبەرچاو بگیرێت کە لەم کێشەیەوە دەکەونەوە، لەبەر ئەوە کێشەکە زۆر ئاڵۆزە و چارەسەرێکی ئاسان لە ئارادا نییە بۆ ئەم کێشەیە.


*** ئایا تا چ ڕادەیەك گرتنەبەری دیبلۆماسیەتی هێز بۆتە هۆی بەهێزکردنی ئەمەریکا و تا چ ڕادەیەك زیانی بە ئەمەریکا گەیاندووە؟**
- دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پاڵ بەکارهێنانی هێزدا هەوڵی بەدەست هێنانی هاوکاری و هەماهەنگی وڵاتانی دیکە بدات، لەبەر ئەوەی پەنابردنە بەکارهێنانی هێز بە تەنها ناتوانێت کێشەکان چارەسەربکات، لە نێوایاندا تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.


### نابێت کاردانەوەی ئێمە بۆ کێشەکان تەنها بەکارهێنانی هێزی سەربازی بێت

***پێش ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، هەردوو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و هێمن بە بەربەستێك بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا دادەنران، بەڵام تیرۆریستەکانی ئەو ڕۆژە ئەم بەربەستەیان بڕی، ئایا ئەم ڕووداوە تا چەند هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکای زیاتر کردووە؟**
-هێشتا مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا هەیە، هەروەك چۆن مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی بەریتانیا و وڵاتانی عەرەبی وەك میسر و ئوردن هەیە، واتە ئەمەریکا بە تەنها نییە لەم بوارەدا، رەنگە ئەمەریکا پتر پەنای بردبێتە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی بۆتەوە بە تایبەتی لە عێراقدا، بەڵام نابێت تەنها کاردانەوەی ئێمە بۆ کێشەکان بەکارهێنانی هێزی سەربازی بێت، کە من هیوادارام باراك ئۆباما لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئیدارەکەی ئەم هەڵوێست و رەفتارە بگۆڕێت.



# سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا






لە ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا جۆرێك سڕبوون بەخۆیەوە دەبینێت و کاردانەوەکان و هەڵوێستی ئەمەریکا لەهەمبەر کێشە جیهانییەکان سنووردا خۆی دەنوێنێت، هەر بۆیە نەیارانی ئەمەریکا هەوڵدەدەن ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە فرسەت وەربگرن و ئەو کارەی پێشتر نەیادەتوانی لە ترسی کاردانەوەکانی ئەمەریکا ئەنجامبیدەن لەو ماوەیەدا هەوڵدەدەن ئەنجامی بدەن.

سەبارەت بەم دیاردەیە بیروبۆچوونی پسپۆڕان هەمە جۆرە هەندێك پێیان وایە ئەو بۆچوونە تا رادەیەکی زۆر راستە، باشترین بەڵگەشیان بۆ سڕبوونی کاردانەوەکانی ئەمەریکا هێرشی رووسیایە بۆ سەر جۆرجیا، بەڵام هەندێکی دیکە لە پسپۆڕان پێیان وایە ئەو بۆچوونە تا رادەیەکی دیاریکراو راستە و ئەگەر هەڕەشەکانی بگاتە ئەو ئاستەی کە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا دروستبکەن، ئەوا حکومەتی ئەمەریکا وەك پێش هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان کاردانەوەی پێویستی دەبێت مەترسییەکە دەرەوێنێتەوە.

بۆ زیاتر بە دواداچوونی ئەو پرسگە گرنگە گوڵان راوبۆچوونی کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزایی وەرگرتووە کە راستەوخۆ بەشداریی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ، ئەمەش دەقی بۆچوونەکانیانە.

## شیرین هەنتەر
## بەڕێوەبەری دیراساتی ئیسلامی لە (CSIS) بۆ گوڵان:



# ئەگەر مەترسییەکان ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەڵبژاردنەکان ڕێگرنابن لە کاردانەوەی پێویستی ئیدارەی ئەمەریکا

**پرۆفیسۆر شیرین هەنتەر بەڕێوەبەری دیراساتی ئیسلامییە لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) لە ئەمەریکا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری ریفۆرمی ئایینی و دیالۆگی نێوان ئیسلام کریستیان، هەروەها پسپۆڕ و تایبەتمەندیشە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی بە تایبەتی ناوچەکانی، ئێران، کەنداوی فارس، باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و ناوەڕاستی ئاسیا و لە میدیاکانی ئەمەریکاشدا بەردەوام نووسین بڵاو دەکاتەوە وەك فۆرن ئەفێرز، فۆرن پۆلیس، میدل ئیست جۆرناڵ هەروەها لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانیش وەك لوس ئەنجلۆس تایمز و کریستیان سایتس مۆنیتەر.**

**بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەدیدی ڕۆژهەڵاتییەکی بە ڕەگەز ئەمەریکییەوە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر هەنتەر کرد و بەڕێزی بەمجۆرە دیدی خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

*** هەموو نەیارانی ئەمەریکا گرەو لەسەر ئەو چەند مانگە دەکەن کە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا دەست پێدەکەن و پێیانوایە لەو ماوەیەدا دەتوانن زۆرشت بکەن و ئەمەریکاش وەڵامدانەوەی ئەوتۆی نابێت، ئایا لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەش سڕدەبن؟**

- من هاوڕانیم لە گەڵ ئەو لێکدانەوەیەی کە کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکاندا بە تەواوەتی رادەوەستێت، لەبەر ئەوەی لە کێشە بنەڕەتی و سەرەکییەکاندا کە کۆدەنگی هەیە لەسەرە ئەم کاریگەرییە هەر بەردەوام دەبێت، سەرەڕای سازدانی هەڵبژاردنەکانیش.

راستە مەسەلەیەکی وەك رەوتی گەشەکردنی ئابووری ئەمەریکا لە هەڵبژاردانەکاندا گرنگی خۆی هەیە، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد چەند کێشەیەکی بنەڕەتی هەن کە پەیوەستن بە ئاسایشی ئەمەریکاوە ئەوانیش بە هەمان شێوە گرنگن، ئاسایش بە مانای سەلامی سوپای ئەمەریکا و دانیشتوانی ئەمەریکا دێت، هەندێ لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاش کاریگەریان هەیە لە سەر ئاسایشی ئەمەریکا، وەك شەڕ و ناکۆکی عێراق و ئەفغانستان، هەروەها ئەو شەڕەی ئێستا لە نێوان روسیا و جۆرجیا سەری هەڵداوە لە ناوچەی قەوقازدا.

*** ئایا بەرای تۆ تاچەند هەردوو پالێوراو کێشەی عێراقیان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکارهێنراوە؟**

- من پێم وایە سەرەڕای ئەوەی ساڵێك پێش ئێستا، جیاوازییەکی گەورە و بەرچاو هەبوو لە هەڵوێستی نێوان هەردوو پالێوراوی سەرۆکایەتی ئۆباما و مەککایندا، بەڵام پێدەچێت پتر هەڵوێستەکانیان لە یەکتر نزیك بێت، بۆ نموونە چیتر ئۆباما رای ناگەیەنێت کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا دەست بە جێ دەست بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات، بەڵکو باس لەوە دەکات ئەمە کاتی دەوێت و بە راوێژکردن لە گەڵ حکومەتی عێراقیدا ئەم کارە دەکات.

ئێستا هیچ کەسێك لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا باس لە کشانەوەی پێشوەختە و کتوپڕ ناکات، کەس باس لە پاشەکشەی دەست بە جێ ناکات، لەبەر ئەوەی کەس خوازیاری ئەوە نیە کە ئەو دەستکەوتانەی لە ماوەی رابردوودا بەدەست هێنراون، دووچاری مەترسی و لە ناوچوون ببنەوە، هەروەها هیچ لایەك خوازیاری ئەوە نییە دووبارە عێراق بگەڕێتەوە بۆ بازنەی شەڕ و پشێوی و توندوتیژی، رەنگە دوای باشتربوونی ئەدای هێزە عێراقییەکان، دوای بەهێزبوونی حکومەتی عێراق و سەقامگیربوونی بارودۆخەکە بتوانین باس لە دانانی خشتەیەکی زەمەنی بکەین بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا.

***لەلایەکی دیکەوە دیسان عەرەبەکانی عێراق ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکایان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر کورد لە عێراقدا، ئایا هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت، ئایا بێدەنگ دەبێت یان هەڵوێستێکی دیکەی دەبێت؟**

- من پێم وانییە عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت **ئەگەر پێکهاتەیەکی عێراق هەستی کرد بەشدار نیە لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی وڵاتەکەدا**، دەبێت هەموو پێکهاتەکانی عێراق هەست بکەن بەشدارن لە وڵاتەکەدا و بەرژەوەندییەکانیان دەهێنرێتەدی، بە دڵنیاییەوە ئەمە کوردەکان دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی دووچاری نەهامەتیەکی زۆر هاتن لە سەردەمی سەددام حوسێندا، هەروەها عەرەبە شیعە و سوننەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها من پێم وایە دەبێت بەشەکانی دیکەی عێراق سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرن بۆ بنیاتنانەوەی ووڵاتەکە و بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە، دەبێت هەموو لایەك ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت کە بەرژەوەندییەکانیان پێکەوە گرێدراون و دەبێت هەموویان رۆڵیان هەبێت و کەس پەراوێز نەکرێت، بە پێچەوانەوە سەرنجامەکە باش نابێت.

هەربۆیە ئەگەر بارودۆخەکە گەیشتە ئەو رادەیەی کە دەستکەوتەکانی ئەمەریکا و عێراق دووچاری هەڕەشە و مەترسی بوونەوە، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاری پێویست دەگرێتەبەر، لەبەر ئەوەی سازدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بە مانای ئەوە نایەت کە ئەمەریکا حکومەتی نییە، ئەم حکومەتە تاوەکو ٢٢ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام دەبێت کە دواتر سەرۆکی هەڵبژێردراو دەست بەکار دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر شتێك رووبدات پێویست بە کاردانەوە بکات، ئەمەریکا رێ و شوێنی پێویست دەگرێتەبەرە هەڵبژاردن هەبێت یان نا. لەبەر ئەوەی لە گەڵ دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکاندا، بەرپرسیارێتی حکومەتی راناوەستێت. هەروەها من پێم وانییە هیچ لایەنێك لە عێراقدا لە حاڵەتی ئەوەدابێت هێرش بکاتە سەر کوردەکان.

***بە پێی پێشبینی و تێڕوانینەکانی ئێوە، تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەریان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە جیهاندا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی؟**

- رەنگە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پتر پەنا بۆ دیبلۆماسییەت ببات و گۆڕان لە خیتابی سیاسی بەدی بکرێت، بەڵام لە کێشە و مەسەلە بنەڕەتییەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بۆ نموونە هاوپەیمانێتی ئەمەریکا و ئیسرائیل، پەیوەندیی ئەمەریکا بە ووڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو و ووڵاتانی ئەوروپاوە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، واتە چەند ناوچەیەکی گرنگ هەیە کە سیاسەتێکی درێژخایەنی ئەمەریکا و بەرژەوەندی درێژخایەنی ئەمەریکا هەبووە و بەردەوام دەبێت. رەنگە بەرەوپێشچوونێکی گەورە و چاوەڕوان نەکراو روودەن کە سیاسەتی ئەمەریکا بگۆڕن، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە.

**چیتر ئۆباما رای ناگەیەنێت کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا دەست بە جێ دەست بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات**

**بروس گرۆنبیک پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# حاڵی حازر کێشەی کورد بەشێک نییە لە گفتوگۆکانی رای گشتی ئەمەریکا



**پرۆفیسۆر بروس گرۆنبیك پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکاو کتێبێکیشی هەر بەم ناونیشانە هەیە » هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و وێنەکانی خودی ئەمەریکییەکان presidential Com paingns and American «self Images هەروەها پسپۆرە لە میدیاو سیاسەت، بەتایبەتی لە بواری تەلەفزیۆن و لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش بەشدار دەبێت، سەبارەت بە رەوتی ئەم هەڵمەتانەی هەڵبژاردن و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پرۆفیسۆر بروس گرۆنبیك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

## هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ئاستی کاندیدەکان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دیاری دەکات

***سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاریگەری هەیە بە سەر تێکڕای سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا بەهێزترین وڵاتی جیهانە، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەم کاریگەرییە رادەوەستێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا راوەستانی ئەم کاریگەرییە لە کات و ساتی هەڵبژاردنەکاندا کاریگەری و کاردانەوەی دەبێت لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی لە تێکڕای جیهاندا؟**

-من پێموایە سازدانی هەڵبژاردنەکان کاندیدەکان ناچار دەکات بیر لە سیاسەتی دەرەوە بکەنەوە، هەم بەشێوەیەکی گشتی و هەم بەشێوەیەکی تایبەتی، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان چەندین پرسیار لەخۆدەگرن بۆ پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی ئاستی شارەزاییان لە سیاسەتی دەرەوە و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی ئەو سیاسەتە بۆ خەڵکی دەرکەوێت. هەڵبژاردنەکان کات و ساتی ئەوەن ئەو پرسیارە گشتییە بکرێت کە پێگەی ئەمەریکا چییە لە جیهاندا و پرسیارێکی دیاریکراوتر بکرێت کە ئایا ئەمەریکا چ سیاسەتێکی دەبێت بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای رۆژهەڵات.

## عێراق گەورەترین مەسەلەیە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا

***لە کاتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا، هەموو هەوڵەکان بە ئاراستەی جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی ناوخۆ چڕدەبنەوە، هەروەها هەوڵ دەدرێت سیاسەتی دەرەکی رەنگدانەوەی نەبێت لەسەر ئەم پرۆسەیە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا؟**

- لە راستیدا گەورەترین مەسەلەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەستە بە کێشەی عێراقەوە، مەبەستم لەوەیە گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەکرێت چ سیاسەتێك لە ئاست عێراقدا بگیرێتەبەر، لە هەمووشی گرنگتر ئایا کێشەی عێراق چ رەنگدانەوەیەکی هەیە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی ئەمەریکا. ئەم مەسەلەیەی دووەمیان هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەستیپێکردووە، لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە گفتوگۆ لە بارەی ئەوەوە دەکرێت ئایا کێشەی عێراق کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر ئاسایشی ئەمەریکا، یان مەسەلەیەکە پەیوەستە بە پێگەی ئەمەریکاوە لە جیهاندا، ئەم مشتومڕە لەوکاتەوە تا ئێستا بەردەوامە.

ئێستاش لەبەر ئەوەی هەردوو پاڵێوراو تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاوازییان هەیە بۆ کێشەی عێراق، سیناتۆر ئۆباما پێیوایە هەر لە بنەڕەتەوە شەڕەکە هەڵەیەك بوو، هەروەها نەدەبوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبستێت بە داگیرکردنی عێراق، لەبەر ئەوەی دەبێت لەو وڵاتە بکشێینەوە، بەڵام جۆن مەککاین پێیوایە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئێستا چۆن کاردەکەین و تا چ رادەیەك سەرکەوتووین. کەواتە یەکەمیان بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندە، دووەمیان جەخت لەسەر ئێستا دەکاتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر دوارۆژ. لە لایەکی ترەوە نازانرێت سیاسەتی راستەقینەی هەردووکیان چی دەبێت بەرامبەر عێراق، لەبەر ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی رەزامەندی رای گشتی دەدەن، ئۆباما کە رایگەیاندبوو دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پاشەکشەیان پێبکرێت، رای دەگەیەنێت کە رەنگە رەوتی ئەو کشانەوەیە بەو خێراییەی نەبێت کە پێشتر باسی لێوەدەکرد، مەککاینیش کە رای دەگەیاند پێویستە تا بەدەستهێنانی سەرکەوتنی یەکجاری لە عێراقدا بمێنینەوە، ئێستا رای دەگەیەنێت کە ئەگەر بارودۆخەکە باشتر بوو، ئەوا رەنگە زووتر دەست بە کشانەوە بکرێت. لەبەر ئەوە هەردوولا دەستیان بە نەرمکردنی هەڵوێستەکانیان کردووە.

***عەرەبەکانی عێراق هەوڵ دەدەن هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا بەکار بهێنن بۆ پێداگیریکردن لەسەر دانانی کاتێکی دیاریکراو دەکەن بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەم پێداگیرییە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ هەڵوێستی سیناتۆر باراك ئۆباما، ئایا تا چەند ئەم فشار و پێداگیرییەی عەرەبی عێراق کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- من پێموایە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکا، بەڵام نەك لەسەر رای گشتی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی رای گشتی ئەمەریکا وردە وردە ئەو تێگەیشتن و باوەڕەی لا گەڵاڵە دەبێت ( ئیدی راست بێت یان هەڵە) کە هەر پاڵێوراوێك ببێتە سەرۆك ئەوا هەڵدەستێت

بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا. ئێستا پتر جەخت لەسەر تەرخانکردن و ناردنی سەرباز و کەل و پێویست دەکرێتەوە بـــۆ ئەفغانســـتان، لەبەر ئەوەی رای گشـــتی پێیوایە ئەگەر ئەمەریکا دەســـت بە کشانەوە بکات لە عێراقدا، ئەوا دەتوانرێت لە ئاست پابەندبوونەکانیدا بێت بە شەڕی ئەفغانستانەوە.

***کوردســـتان کە هەرێمێکی ئارامە لە عێراقدا و بەشـــێکە لـــە ســـەرکەوتنی ئەمەریکا لـــەم وڵاتەدا، بەڵام ئێســـتا لە لایەن عەرەبەکانی عێراقەوە هەڕەشـــە و مەترســـی لەسەر ئەم دەستکەوتەی ئەمەریکا هەیە لە عێراقدا، عەرەبەکانی عێراقیش ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکایان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بەم شـــێوەیە رەفتار بکەن، ئایا هەڵوێســـتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت، ئایا بێدەنگ دەبێت یان هەڵوێســـتێکی دیکەی دەبێت؟**

- حاڵـــی حازر کێشـــەی کورد لە عێراقدا بەشـــێك نییە لە گفتوگۆکانی رای گشتی ئەمەریکا، لە سەرەتادا رای گشتی ئەمەریکا پێی وابوو کوردەکان بەشێکن لە چارەسەر بۆ کێشەی عێراق و هەروەها لەو باوەڕەدا بوون کە پێش کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کێشەی کورد چارەسەر دەبێت. بەڵام لەبەر ئـــەوەی حکومەتی عێراق وردە وردە دەســـەڵاتی زیاتر دەچەســـپێت، ئەوا دەتوانێت بەپرسیارێتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی خۆی بگرێتە ئەســـتۆ و رەنگە بتوانێت کێشەی کوردیش لـــە وڵاتەکەیدا چارســـەربکات. رەنگـــە ئەمەریکا گەیشـــتبێتە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانێت چارەسەرێك بەسەر عێراقدا بسەپێنێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، هەروەك چۆن لە دوای شـــەڕی ڤێتنامەوە کە کێشەی پاراســـتنی چەند کەمینەیەکی ڤێتنامـــی هەبوو، بەڵام دواتر ئەمەریکا بڕیاریدا کە ناتوانێت چارەســـەرێك بۆ ئەو کێشـــەیە ناوخۆییە بســـەپێنێت، ئـــەوا رەنگە بە هەمان شـــێوە مامەڵە لەگەڵ کێشـــەی کوردی عێراقدا بـــکات، یاخود رەنگە لەبەر گیرۆدەبوونی بەدەســـت چەندین کێشەوە نەتوانێت بپرژێتە سەر کێشەی کوردەکانی عێراق. حاڵی حازر لە مشتومڕ و گفتوگۆ سیاســـییەکانی نێوان پاڵێوراوەکان بەشێوەیەکی گشتی باس لە عێراق دەکرێت، باس لەوە دەکرێت چۆن لەو وڵاتە بکشـــێینەوە، چـــۆن یارمەتـــی حکومەتی عێـــراق بدەیـــن بۆ ئـــەوەی بەرپرســـیارێتی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشـــەکانی بگرێتەئەســـتۆ، واتـــە باس لـــە هەرێمێکـــی ئـــارام، یان ناوچەیەکی پـــڕ لە گرژی و توندوتیـــژی ناکرێت، پێشـــتر سیاسەتی ســـەربازی هەبوو بۆ مامەڵەکـــردن لەگەڵ هەر ناوچەیەکـــدا بەشـــێوەیەکی تایبەتـــی، ئێســـتا بـــاس لە ســـتراتیژیەتێکی گشـــتی دەکرێـــت، رەنگە ئەمە ئامـــاژەی ئەوە بێت کـــە پاڵێوراوەکان گەیشـــتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چارەســـەرکردنی کێشـــە ناوخۆییەکانی عێراق کاری ئەوان نییە و پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە.

***کوردەکان مەترسی ئەوەیان هەیە کە عەرەبەکان رژێمێکی دیکەی چەشـــنی رژێمی ســـەدام حوســـێن بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات، بارودۆخ و هەلومەرجی عێراقیش بە تەواوەتی پشت بـــە هێزەکانی ئەمەریکا دەبەســـتێت، ئایا لە کاتی ســـازدانی هەڵبژاردنەکاندا ئەگەر پێویســـت بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی هەبوو، ئەمەریکا ئەو کارە دەکات؟**

- هەروەها پێشـــتر ئاماژەم پێکرد کێشـــەی کـــوردەکان لە گفتوگۆکانی رای گشتیدا باسی لێوەناکرێت، حاڵی حازر ئەو کێشەیە پشتگوێ خراوە لە گفتوگۆکاندا، لەسەرەتادا ئیدارەکەی ســـەرۆك بۆش سوودێکی زۆری لە کێشەی کوردەکان وەرگرت بۆ پاســـاودان بە شـــەرعییەتی هەڵمەتەکەی لە دژی سەدام حوســـێن، باسی لە گازبارانکردنی کوردەکان و مەینەتییەکانی کوردەکانی دەکرد لەســـەر دەستی ســـەدام حوسێن، دواتر ئێمە پێمان وابوو کە کوردەکان دەبنە بەشـــێك لە حکومەتی عێراقی و بەشـــدار دەبن لەو حکومەتەدا. بەڵام ئێستا باسی لێوەناکرێت و هـــەردوو پاڵێوراو بە هیچ شـــێوەیەك ئامـــاژەی بۆ ناکەن و گفتوگۆکانیـــان دەربارەی عێراق زۆر ســـادە دەکەنەوە و زۆر بە گشتی باسی لێوەدەکەن، رەنگە بۆ ئەوە بێت رای گشتی باشتر لێیان تێبگات، رەنگە بۆ ئەوەی بێت پرسیارێکی دیاری کراویان لێنەکرێت دەربارەی عێراق

***ئێوە وەك شارەزایەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا، تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریـــکا لە جیهاندا بە گشـــتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی؟**

- من پێموایە هەر پاڵێوراوێك ســـەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا گۆڕانکارییەکی گرنگ دێتە ئاراوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، لەبەر ئەوەی هەردوو پاڵێوراو کۆمەڵە راوێژکارێکی جیـــاواز بەکار دەهێنن بۆ پرس و راوێژکردن لە مەســـەلەکانی سیاســـەتی دەرەوەدا. چیتر ئەو موحافیزکارە نوێیانە نامێنن کە لە ئیدارەکەی ســـەرۆك بۆشدا ســـەنگ و دەستڕۆیشتووییان هەبوو، مەککاین کەســـێکی پراگماتیکییە و ئۆباما پشـــت بەو راوێژکارانە دەبەســـتێت کە شارەزاییەکی فراوانیان هەیە لە دیبلۆماسییەتی نێودەوڵەتیدا، بە کورتی ســـەرۆکێك نایەت کە تێڕوانینێکی ئیمپریالیانەی هەبێت لە ئاست جیهاندا، لەبەر ئەوەی پێموایە گۆڕانی گەورە و گرنگ دەبینین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا.



●●●

**رای گشتی پێیوایە ئەگەر ئەمەریکا دەست بە کشانەوە بکات لە عێراقدا، ئەوا دەتوانرێت لە ئاست پابەندبوونەکانیدا بێت بە شەڕی ئەفغانستانەوە**

●●●


●●●

**ئێستا هەردوو پاڵێوراو بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ناکەن و گفتۆگانیان دەربارەی عێراق زۆر سادە دەکەنەوە**

●●●

**داڤید رێد لاوسک پرۆفیسۆر و تایبەتمەندە لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# ئەمریکییەکان تەنها ئەوەندە ئاگاداری بارودۆخی عێراقن کە لەمیدیاکانەوە دەیبینین



**پرۆ فیسۆر داڤید رێد لاوسك ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی لۆا Lowa و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کاریگەری دەنگدان لەسەر بڕیاری سیاسی ئەمەریکاو لەو بوارەشدا چەندین کتێبی هەیە لەوانە:**

**- ١کا ر یگە ر ی زانیارییەکانی دەنگدەر فێربوونی بەشداریکردن لە هەڵمەتەکاندا.**

**-٢ئایا دەنگدەران چی بکەن؟! زانیاری دەنگدەر بۆ گەڕان بەدوای ستراتیژیدا.**

**-٣گەڕان بەدوای مۆدێلێکی دیکەی دەنگدانە.**

**پرۆ فیسۆر رێد لاوسك خۆشی یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بەشدار بووە لە بەڕێوەبەری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا، سەبارەت بەم پرۆسەیە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

### رووسیا کەهێرش دەکاتە سەر جۆرجیا دەزانێت لەم کاتەدا کاردانەوەی ئەمریکا سنووردارە

***ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا کۆشکی سپی لە کۆمارییەکان وەرگیرایەوە ئایا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت؟**

- لە هەڵبژاردنێکدا کە دەزانین سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت، بە دڵنیاییەوە دەزانین ئەو سیاسەتە دەرەکییەی لە لایەن ئیدارەی ئێستاوە پیادە دەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش وادەکات کە چاودێرانی ئەمەریکا چاوەڕوانی ئیدارەی نوێ و سەرۆکی نوێ بکەن. یەکێکی دیکە لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە ئیدارەی ئێستا نەتوانێت بە شێوەیەکی کارا کاردانەوەی هەبێت، ئەمەش وا دەکات لایەنەکانی دیکە تا رادەیەك سڵ نەکەنەوە لە ئەنجامدانی کردەوەگەلێکی دیاری کراو، بۆ نموونە ئەو هێرشەی لە لایەن رووسیاوە دژی جۆرجیا دەکرێت کە رووسیا پێیوایە کاردانەوە و وەڵامدانەوەی ئەمەریکا سنوردار دەبێت.

*** ئێوە وەك شارەزایەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا، تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەریان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە جیهاندا بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی؟**

- من پێموایە بە چاوپۆشین لەوەی چ پاڵێوراوێك سەرکەوتوو دەبێت، ئەوا تا رادەیەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەگۆڕێت. رەنگە پتر بایەخ بە کێشە و مەسەلەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، بۆ نموونە، ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بەم دواییە هەوڵی جیددی خستەگەڕ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە دڵنیاییەوە تێڕوانین و گۆشەنیگای هەردوو پاڵێوراو جیاوازە، بەڵام دەقا و دەق نازانین ئەو جیاوازیانە چین، لەبەر ئەوەی راوێژکاری جیاوازی بواری سیاسەتی دەرەوە بەکاردەهێنن.

***ئەی سەبارەت بە کاریگەری سیاسەتی ناوخۆ لەسەر هەڵبژاردنەکان؟**

هەمیشە ئەوە راست بووە کە دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر مەسەلە ناوخۆییەکان دەکەنەوە، بە تایبەتی ئابووری وڵاتەکە، ئەمە تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤دا راست بوو کە کێشەی عێراق لە ئارادا بوو، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ ئەوەی سیاسەتمەدار و سەرۆکەکانی ئەمەریکا باس لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە بکەن، بەڵام پتر جەختیان لەسەر کێشە و مەسەلە ناوخۆییەکان کردۆتەوە کە بە لای رای گشتیەوە گرنگترن.

### جیاوازی نێوان هەڵوێست و تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراو لەسەر عێراق کەمبۆتەوە

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەی عێراق وەك بەشێك لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەیر دەکرێت بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکا کێشەیەکی گرنگە، ئایا باردۆخی عیراق لەم هەڵبژاردنانە تاچەند کاریگەری دەبێت؟**

- لە سەرەتای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا عێراق کێشەی ژمارە یەك بوو، بە تایبەتی بۆ پاڵێوراوی دیموکراتەکان، بەڵام حاڵی حازر بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و داکشانی ئابووری و کێشەی بانقەکان لە ئەمەریکا گرنگی کێشەی عێراق پاشەکشەی کردووە، لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لە گۆشەنیگای ئەمەریکاوە بارودۆخی عێراق بە رادەی پێشو خراپ و ئاڵۆز نییە، بە چەشنێك تەنانەت جۆن مەککاینیش باس لە کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەکات. هەروەها حکومەتی عێراقیش باس لە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات. کەواتە جیاوازی نێوان هەڵوێست و تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراوی دیموکرات و کۆماریەکان کەم بۆتەوە، نە جۆن مەککین باس لەوە دەکات کە بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا دەمێنینەوە، نە ئۆباما باس لەوە دەکات کە ئەو رۆژەی بەسەرۆك هەڵبژێردرا ئەوا هێزەکان لە عێراق دەکشێنێتەوە. لەو حاڵەتەشدا کە هەڵوێستی پارتەکان لەیەك نزیك دەبێتەوە، ئەوا نابێتە کێشەیەکی گەورە لە هەڵبژاردنەکاندا و زۆر زەق ناکرێتەوە.

***بەڵام عەرەبەکانی عێراق هەوڵدەدەن گوشارەکان زیاتر بکەن و باردۆخی عێراق بشێوێنن،ئایا تا چەند ئەم فشار و پێداگیریەی عەرەبی عێراق کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- رەنگە رای گشتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە هەڵوێستەکەی باراك ئۆباما بکەن بۆ دانانی خشتەیەکی کاتی بۆ کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، رەنگە حکومەتی عێراقیش بەم ئاڕاستەیەدا فشاربکات و ئەوەی لەبەرچاو بێت کە ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەڵوێستی ئۆباما بۆ ئەوەی کۆماریەکان ناچار بکات بەو ئاقارەدا بڕۆن.

*** بەڵام ئامانجی عەرەبەکانی عێراق لەمە زیاترەو ئێستا گوشارێکی گەورەش دەخەنە سەرکورد لە ناوخۆی عێراقدا، ئایا بە تێڕوانینی تۆ لەم کاتەدا هەڵوێستی ئیدارەی سەرۆك بوش چۆن دەبێت؟**

- جگە لە حکومەتی ئەمەریکا، بە شێوەیەکی گشتی ئەمەریکییەکان نازانن لە سەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا چی روودەدا، جگە لەو راپۆرتانە نەبێت کە لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکادا بڵاو دەکرێنەوە و زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە بەغدا روودەدات. زۆربەی ئەمەریکییەکان هۆشیار نین بە هەلومەرجی کوردستان و هۆشیارنین بەوەی کوردەکان چی دەکەن .هەربۆیە کێشەی کوردەکان رۆڵێکی گەورە نابینێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە هیچ رۆڵێکی نییە لە ستراتیجییەتی حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا، من ئەمەیان نازانم، بەڵام ئەوە دەزانم کە لە گۆشەنیگای دەنگدەرانەوە کێشەی کوردەکان کاریگەری و رەنگدانەوەی نابێت لەسەر دەنگدانی ئەوان.

*** ئەگەر لە کاتی سازدانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکادا، بارودۆخی عێراق بە چەشنێك هەڵکشا کە پێویستی بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی هەبوو، ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا ئامادە دەبێت ئەو کارە بکات؟**

- من پێموایە رای گشتی ئەمەریکا پشتگیری زیادکردنی چالاکییە سەربازیەکان ناکات، بە پێچەوانەوە ئەوان خوازیاری کەمکردنەوەی چالاکییە سەربازییەکانن، ئەوەی ئێستا ئیدارەی ئەمەریکای نیگەران کردووە، ئەو هەواڵە خراپانەیە کە لە ئەفغانستانەوە دێن. من پێموایە رای گشتی ئەمەریکا ئامادەی زیاتر نییە لەم رووەوە. مەبەستم ئەوەیە پاڵپشتی زیادکردنی جم و جوڵە سەربازییەکان ناکات.

*** بەڵام ئێمە وەك کورد مەترسی ئەوەمان هەیە کە عەرەبەکانی عێراق ماوەی هەڵبژاردنەکان بقۆزنەوەو رژێمێکی دیکەی چەشنی رژێمی سەددام حوسێن بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات، هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەگەر ئیدارەی ئێستا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا دووچاری مەترسی بوونەتەوە، ئەوا دەستەوەستان ناوەستێت، بە چاوپۆشین لەوەی هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێن یان نا، لەبەر ئەوەی هێشتا حکومەت هەیە و ئەم حکومەتەش ئەو هەنگاوانە دەگرێتەبەر کە پێویستن. لەسەرێکی دیکەوە ئیدارەکەی سەرۆك بۆش پێیوایە دەست واڵایە بۆ ئەوەی ئەو کردەوانە بگرێتەبەر کە پێیوایە پێویستن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی، هەروەها سەرۆك بۆش جارێکی دیکە هەڵنابژێردرێتەوە و لەم رووەوە هیچ نیگەرانیەکی نیە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێت چی روودەدات کاتێك سەرۆکێك لە کۆتایی ماوەی دەسەڵاتەکەیدایە.

●●●

**دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر مەسەلە ناوخۆییەکان دەکەنەوە، بە تایبەتی ئابووری وڵاتەکە**

●●●

●●●

**رەنگە رای گشتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە هەڵوێستەکەی باراک ئۆباما بکەن بۆ دانانی خشتەیەکی کاتی بۆ کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا**

●●●

●●●

**کێشەی کوردەکان رۆڵێکی گەورە نابینێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا**

●●●

